
لە جیهاندا هەر (5) چرکە سایتێك تووشی ڤایرۆس دەبێت!! 2

مێژووی دروست بوونی یوتوب .. 3


ئاگاتان لە بەکتریای سەر کیبۆردەکانتان بێت! 5


چۆن وا بکەین کەسێك نەتوانێت ئیمەیلمان بۆ بنێرێت 6



# سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

C4kurd
A Biweekly Publication on Information Technology

No. (17) First Year
Tuesday May. 20 2008

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە









هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (17) سالی یەکەم سێ شەممە 20-05-2008


# دروستکردنی یەکەمین رۆبۆتی هەستیار لەلایەن کوردێکەوە

لاپـــەڕە ٤

## یاری درایڤەر دەچێتە ناو کتێبی (گینس)ەوە





یاری Grand Theft Auto IV کە لە کوردستانی خۆماندا بە درایڤەر ناسراوە دەچێتە ناو کتێبی گینسەوە کە کتێبێکە تایبەتە بە شتە زۆر گرنگ و ناوازەو بەناوبانگەکانی جیهان. ئەم کارەش لە زۆری فرۆشتنی ئەم یاریە سەرچاوە دەگرێت کە لە 29ی چواری ئەمساڵ ڤێرژنی تازەی بڵاوکرایەوەو لە ماوەی 24 کاتژمێردا 3.6 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. کە بە فرۆشتنێکی خەیاڵی لە ناو کتێبی ناوبراودا تۆمارکرا. بەم شێوەیەش ئەم یاریە لە ماوەی یەك رۆژدا 310 ملیۆن دۆلاری پەیدا کردوەو پێشی یاری هالۆ 3 ی دایەوە کە تەنها 170 ملیۆن دۆلار بوو.

## تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بایی سەد ملیۆن دۆلار لە ویندۆز ڤیستا فرۆشراوە

لە ڕونکردنەوەیەکدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی ئەمریکی ڕایگەیاند کە تا کۆتایی ساڵی 2007 بایی زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلار لە ویندۆز ڤیستا کڕدراوە لەلایەن بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لەکاتی کڕینی کۆمپیوتەردا.

هەروەها بیڵ گێتسی بەڕێوەبەری کارگێڕی لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە پێشانگای ئەلکترۆنیك شۆ لە شاری لاس ڤیگاس ئەوەشی بۆ ئامادەبووان ڕونکردەوە کە تا ئێستا ئەو بڕەی کە فرشراوە لە ویندۆز ڤیستا لەو ئاستە تێپەڕی کردووە کە نەخشەی بۆ کێشرابوو.




جێی ئاماژە بۆ کردنە کە تائێستاش لە بازاڕەکانی جیهاندا داخوازی لەسەر ویندۆز ڤیستا بەردەوام ڕو لە زیادبوون دەکات بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، چونکە تەنها تا مانگی ئەیلولی ساڵی 2007 بایی 88 ملیۆن دۆلار لە ویندۆز ڤیستا فرۆشراوە، دوای ئەوەی کە لەمانگی حوزەیران بایی 66 ملیۆن دۆلاری لێ فرۆشرابوو.

## ملیاردێرێکی ئەمریکی ٥٠ ملیۆن سەهم لە یاهوو دەکڕێت




ملیاردێری ئەمریکی بەناوی کارل ئایکان هەستا بە کڕینی 50 ملیۆن پشك (سهم) لە سەهمەکانی کۆمپانیای بەناوبانگی ئەمریکی یاهوو. رۆژنامەی وول ستریت جۆرنال کە تایبەتە بە بواری ئابوری و لە ئەمریکا دەردەچێت ئەوەی ئاشکرا کرد مەبەست لە کڕینی پەنجا ملیۆن پشك لە یاهوو وەکو پاڵپشتیەکە بۆ مایکرۆسۆفت لە کڕینی یاهودا. پشکەکانی ئایکان تەنها لە 3.6% پشکەکانی یاهو پێك دەهێنێت کە پێشتر مایکرۆسۆفت ویستی بیکڕێت.


## گوگڵ یادی دۆزینەوەی لەیزەر دەکاتەوە



یەکێك لە کارە زۆر جوان و داهێنانکاریەکانی سایتی گوگڵ ئەوەیە کە لە یادی هەر کارێکی گرنگ کە لە جیهاندا رووی دابێت بە وێنەیەك (کە ئەو وێنەیەش تەنها وێنەیەکە لە ناو سایتی گوگڵ) ئەو یادە دەردەبڕێت و ئەو یادە بە تەنها بەو وێنەیە بە هەموو جیهان دەناسێنێت. رۆژی هەینی 16-5 یادی دروستکردنی لەیزەر بوو، هەر بۆیە گوگڵ لەو یادەشدا وێنەیەکی زۆر مانادای لە ناو سایتەکەیدا پەخش کرد کە ناوی گوگڵی بە تیشك نوسی بوو.

## گرژیەکانی نێوان ئەتاتورك و سایتی یوتوب

ئەوە بۆ دوهەم جار لەمساڵداو چوارەم جار لە دوو ساڵی رابردودا حکومەتی تورکیا ناهێڵێت سایتی یوتوب (www.youtube.com) لە تورکیا بکرێتەوە بەهۆی ئەو ڤیدیۆیانەی کە تێیدا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا دژ بە مستەفا کەمال ئەتاتورکەو قسە لە مانگی ئازاری رابردوشدا دادگای باڵای تورکیا بۆ ماوەی دوو رۆژ ئەو سایتەی بلۆك کرد لە تورکیا بەهۆی ئەو ڤیدیۆیانەی دژی ئەتاتورك دانرابون و دوای ئەوەی ڤیدیۆکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی سایتی یوتوب لابران بلۆك کردنەکەش نەما. بەم شێوەیە هەر ماوەیەك گرژیەك





بە سیاسەتی تورکیا دەڵێت. لە یاسای دەستوری تورکیا هەر کەسێك قسە بە ئەتاتورك بڵێت ئەوە دەبێت زیندانی بکرێت بەڵام بەرامبەر سایتێکی وەکو یوتوب هیچی پێ ناکرێت و تەنها ئەوەندە نەبێت کە نەهێڵێت لە تورکیا بکرێتەوە. دروست دەبێت بەهۆی ئەو ڤیدیۆیانەی کە لەو سایتە لەلایەن خەڵکی ئاسایی و بە خۆڕایی دادەنرێن و دەبێە هۆی بێ تاقەتی بەرپرسانی وڵاتی تورکیا و تەنها کارێکیش لە دەستیان بێت نەهێشتنی کردنەوەی ئەو سایتەیە لەو وڵاتە.

## لە ئەمریکادا

## ڕێکلام کردن لە سایتەکاندا لە ٢٦٪ زیادی کردوە

لەگەل ئەو کێشە ئابوریانەی ئەمریکا کۆمپانیاکان بەردەوام زۆرترین پارەیان بە ریکلام دەدەن و بەتایبەت لەم دوایانەدا ریکلامی ناو ئینتەرنێت زۆرترین پارەی بۆ تەرخان دەکرێت. لەساڵی 2007 دا 21.2 ملیار دۆلار بەس تەنها لە ئەمریکا لە ریکلامی ناو ئینتەرنێت سەرف کراوە. بەواتایەکی تر لە 26% زیادی کردوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2006 و لەلایەکی تریشەوە پێشبینی دەکرێت ساڵی 2008 پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و رێکلام لەناو ئینتەرنێت زۆر لە ساڵانی تر زیاتر بێت.

بێگومان پشکی شێریش لەو ریکلامانە بەر گوگڵ دەکەوێت و 41% ی ریکلامەکان لە لایەن گوگلەوەیە بەهۆی گوگڵ ئەدنس کە تایبەتە بە ریکلام و زۆربەی سایتەکان پەیڕەوی دەکەن بۆ پەیداکردنی پارەیەکی زۆر.




## ئیدی تەلەفزیۆنەکەت بخە گیرفانت!!



دوای دەرکەوتنی مۆبایل و MP3 پلایەر کە دەخرێنە گیرفان و بە ئاسانی هەڵدەگیرێن و هاتووچوویان پێدەکرێت، ئێستاش تەلەفزیۆنی گەڕۆك، ئیدی ئەمڕۆ یا سبەی دەبێت تەلەفزیۆنە تەقلیدییەکان خانەنشین بکرێن! ئەم تەلەفزیۆنە بچووکانە بە ئاسانی دەخرێنە گیرفانەوە.

کۆمپانیای (Hyundai Image-Quest Italy) ئیتاڵی بە هاوکاری کۆمپانیای (Hampex) کۆریای باشوور، هەستان بە بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنێکی گیرفانی دیجیتاڵی کە نوێترین تەکنۆلۆژیای بێ سیمی ژمارەیی تێدایە.

ئەم تەلەفزیۆنانە بە دوو جۆر هەن، یەکەمیان ناوی (Hampex HM-T2400E)یەو زۆر تەنکەو قەبارەی شاشەکەی 2.4 ئینجەو توانای وەرگرتنی سیگناڵەکانی پەخشی زەمینی دیجیتاڵی (DVB-T)یان هەیە، سەرەڕای بوونی MP3 پلەیەرو MP4 پلەیەرو رادیۆی ئێف ئێم و میمۆریی جۆری ئێس دی 1 گێگابایتی، وە دووەمیان ناوی (Hampex HM-T4300E) لێنراوەو هەمان تایبەتمەندیەکانی جۆری پێشووی تێدایە تەنها ئەوە نەبێت کە قەبارەی شاشەکەی (4.3) ئینجەو بە لەمس کاردەکات.

# کارەکانی پڕۆگرامی Gsoft Shutdown control v 1.3



گەنجۆ ئاڵەیی
ganjoallai@Yahoo.com

■ ئێمەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر زۆر جاری وا بەباش دەزانین سیستەمی کۆمپییتەرەکەمان کۆنترۆڵ بکەین بۆ ئەو کاتەی مەبەستمانە کە بکوژێتەوە، بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە پڕۆگرامی Gsoft Shutdown control v 1.3 پێ ئاشنا دەکەم، ئەم پڕۆگرامە بە زمانی شرینی کوردی داڕێژراوە، جگە لەوەش لەسەر سیستەمەکانی Vista و XP کاردەکات.

بۆ داگرتنی ئەم پڕۆگرامە دەتوانی لەڕێگەی ئەم بەستەرەی خوارەوە کوردی بەرامبەر دایبگریت
www.zhwange.com/dagrtn/




وەك لەوێنەی ژمارە 1 رونە، پاش بونەوەی ئەم پەنجەرەیە بۆ دانانی وشەی تێپەڕبونە بۆ پڕۆگرام، ئەگەر ویستت وشەی نهێنی بۆ پرۆگرامەکە دابنێیت ئەوە لەناو سندوقی وشەی تێپەڕبون ئەو وشەیە یان ئەو ژمارە بنوسە کە مەبەستە لەداهاتوو پڕۆگرامەکەی پێ بکەیتەوە بکەیتەوە بەو وشە نهێنیە.

لەناوسندوقی دەقی دوپاتکردنەوەی وشەی تێپەڕبون هەمان وشەی نهێنی خانەی سەروە بنوسەوە پاشان کرتەیەك بکە لەسەر دوگمەی دامەزراندنی وشەی تێپەڕبون بەکرتە کردن لەسەر ئەم دوگمەیە خۆکار سیستەمی پاراستنی پڕۆگرام چالاك دەبێت، لەداهاتوو پێویستیت بەو وشە نهێنییە دەبێت بۆ کردنەوەی پڕۆگرام. هەر بۆیە ئەو وشە نهێنییەی داتنا دەبێت لە یات نەچێت. ئەگەر ویستیشت وشەی نهێنی بۆ پڕۆگرام دانەنێیت ئەوە کرتەیەك بکە لەسەر دوگمەی ڕەتبون

بەکرتە کردن لەسەر دوگمەی ڕەتبون پەنجەرەی سەرەکی پڕۆگرام دەبێتەوە فەرموو ئەنجامی بونەوەی پەنجەرەی




پڕۆگرام سەیر بکە لەوێنەی ژمارە 2

دوای سەیر کردنی وێنەی ژمارە 2 کردارەکانی ئەم پڕۆگرامە نیشاندەکەم بۆ 5 خاڵ فەرموو خاڵە نیشانکراوەکان سەیر بکە لە وێنەی ژمارە 3




دوای سەیر کردنی وێنەی ژمارە 3 بینینی خاڵەکان ئەمجارە خاڵە نیشانکراوەکان رون دەکەمەوە لەخوارەوە

رون کردنەوەی خاڵەکان

پڕۆگرام لەکاتی فەرمان Logoff یان Shutdown یان Restart خاڵی ژمارە یەك/ بە نیشان کردنی هەر یەکێك لە کرداری نیشانکراو جێ بەجێدەکات.

خاڵی ژمارە دوو/ بەنوسینی ئەو ژمارەی خۆ مەبەستە وەکو چرکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەوکاتەی پڕۆگرام لەکاردایە.

خاڵی ژمارە سێ/ ژمارەیەك بنوسرێت لەو کاتەی پڕۆگرام لەکاردایە وەکو خولە کارەکانی ئەنجام دەدات.

خاڵی ژمارە چوار/ بۆ دیاری کردنی کاتژمێرە، نوسینی ژمارەکان بە پێی داواکاری تۆیە لەکاتی کارکردن بە پڕۆگرام.

خاڵی ژمارە پێنج/ بەکرتە کردن لە سەر دوگمەی دەستپێکردن خۆکار پڕۆگرام دەکەوێتە کار لەو کاتە فەرمان جێبەجێ دەکات کە خۆت بۆت دیاری کردوە.

هیوادرام بەکار هێنانی ئەم پڕۆگرامە سودی هەبێت بۆ تۆی بەکار هێنەری سیستەمی کۆمپیتەر.

# چەند پێگەیەکی نوێی کوردی

دیارە کورد لە جیهانی پێگەی ئەلیکترۆنی و رۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا خاوەنی ئەزموونێکی نوێیە و هەمووی چەند ساڵێکە هاوڵاتی کوردی بە پێگە ئەلیکترۆنیەکانی تۆڕی ئینتەرنێت ئاشنا بووە، ئەمەش کۆمەڵێ هۆکاری جیاوازی هەبووە لەوانە بارودۆخی ئابووری و سیاسی کوردستان و ئابڵوقەدانی، کە بەهۆیەوە وەکو پێویست مرۆڤی کورد لەگەڵ زانستە هاوچەرخەکانی بواری کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئینتەرنێت نەیتوانیوە ئاشنا بێت، بەڵام لەگەڵ نەمان و لاوازبوونی ئەم فاکتەرانە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی زیاتر تێکەڵ بە جیهانی ئینتەرنێت بووە و ژمارەی پێگە ئەلیکترۆنیەکانیش بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بە جۆرێك کە سەرژمێرکردنیان ئاستەم بووە، ئێمە وەك رۆژنامەی (سی فۆر کورد) هەوڵدەدەین خوێنەری بەڕێز بەردەوام بە ناونیشانی ئەم پێگە ئەلیکترۆنیانە ئاشنا بکەین، لە پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییە نوێکان :

کورد سۆفت

www.kurdsoft.com

کورد ئۆن لاین


www.kurdonline.com

ڕووداو

www.rudaw.net

یەکبوون

www.yekbun.net

کوردستان نیوز

www.knewsdaily.org

# یاهوو و مایکرۆسۆفت و گوگڵ سێ گەورە کۆمپانیای جیهانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت

■ کەسمان نییە ناوبانگی ئەو سێ گەورە کۆمپانیا ئەمریکییەی بواری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری نەبیستبێت و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بواری ئینتەرنێت کار دەکەن رۆژ نییە پێویستیان بە بەرهەمانی ئەو سێ کۆمپانیا زەبەلاحە نەبێت. زۆربەمان ئیمەیڵی خۆڕایی یاهومان هەیە و ئەگەر رۆژانە ئیمەیڵی پێ نەنێرین و ئێمەیڵمان بۆ نەیەت ئەوە هەفتانە دەبێت هەر بیکەینەوەو سەردانێکی سایتی یاهوو بکەین. مایکرۆسۆفتیش هەر بەویندۆزەکەی کە بەکاردەهێنین و ئۆفیسەکەی هەتا دەگاتە ئیمەیڵەکەی رۆژانە پێویستمانە. گوگڵیش سایتێکی نمونەییە بۆ گەڕانەکانمان و هەر کاریك یاخود هەر سایتێکمان بوێت بیدۆزینەوە ئەوە بەکارهێنانی سایتی گوگڵ تاکە سەرچاوەی بەهێزە بۆ کارەکەمان.




کەواتە ئەم سێ کۆمپانیایە بە تەواوی کۆنترۆڵی جیهانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیان کردووەو بەردەوامیش لە نێوانیدا پێشبرکێیەتی بێ ئەندازە هەیە بۆ لاوازکردنی یەکتری. بەتایبەت کێبرکێی نێوان گۆگڵ و مایکرۆسۆفت لە لوتکەیە کە هەریەکەیان بەشێوەیەك دەیەوێت کۆنترۆڵی بازاری ئای تی بکات.

با ئێمە بزانین ئەم سی کۆمپانیایە هەر یەکەیان بە جیا ساڵانە چەند قازانجیانەو چەندە فەرمانبەریان هەیە. بەم شێوەیش زیاتر ئاستی ئەم سێ کۆمپانیایە لە جیهانی بەرهەمهێنانی ئەلیکترۆنی دەزانین.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت: لە ساڵی 1976 دامەزراوەو قازانجی کارەکانی 57.9 ملیار دۆلارەو قازانجی ساڵانەی سافی 16.96 ملیار دۆلارە. هەروەها قازانجی لە ریکلامی ئینتەرنێت خۆی دەگەیەنێتە 2.8 ملیار دۆلار. ژمارەی فەرمانبەرەکانی 79000 فەرمانبەرە و نرخی بۆرسەکەی تا مانگی چواری ئەمساڵ 296 ملیار دۆلارە.

خاڵی بەهێزی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت خۆی لە بەرنامەکانی دەبینێتەوە وەکو ویندۆز و ئۆفیسی کە 90% کۆمپیوتەرەکان لە جیهاندا بە ر نا مە کا نیما یکر ۆ سۆ فت بەکاردەبەن.

کۆمپانیای یاهو: لە ساڵی 1994 دامەزراوەو قازانجی کارەکانی 6.97 ملیار دۆلارەو قازانجی سافی ساڵانەی 660 ملیۆنەو قازانجی لە ریکلامی ئینتەرنێت 5.1 ملیار دۆلارەو ژمارەی فەرمانبەرەکانی پێکهاتووە لە 14300 فەرمانبەر. هەروەها نرخی بۆرسەکەی تا نیسانی ئەمساڵ 36.7 ملیار دۆلارە.

خاڵی بەهێزی کۆمپانیای یاهوو ئیمەیڵە خۆڕاییەکەیەتی لەگەڵ هەواڵەکانی ناو سایتەکەی کە تا ئێستا 500 ملیۆن کەس بەشدارە لە کۆمپانیای یاهوو.

کۆمپانیای گوگڵ: ساڵی 1998 دامەزراوە و قازانجی کارەکانی 16.6 ملیار دۆلارە و قازانجی سافی ساڵانەی 4.2 ملیارەو قازانجی لە ناو ئینتەرنێتدا 11.6 ملیار دۆلارە. ژمارەی فەرمانبەرەکانی تا مانگی ئازاری ئەمساڵ 16156 فەرمانبەر بووە. هەروەها نرخی لە بۆرسەدا تا نیسانی ئەمساڵ 171 ملیار دۆلار بوە.

خاڵی بەهێزی کۆمپانیای گۆگڵ لە سایتەکەیدا دەردەکەوێت کە تایبەتە بە گەڕان و بەیەکەم سایتی گەڕان دادەنرێت لە جیهاندا. جگە لەوەی لەم ساڵانەی رابردوودا ئیمەیڵەکەی و کڕینی سایتی یوتوبیش بە یەکێکی تر لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم کۆمپانیایە دادەنرێت.

بەم شێوەیە بە پێی ئەو قازانج و کارانەی کە هەیانە بە هەر سێکیانەوە توانیویانە سێگۆشەیەکی بەهێز دروست بکەن و بە هێزی خزمەتگوزاریەکانیان توانیویانە سەرتاپای بازاری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە جیهاندا کۆنترۆڵ بکەن.

بەپێی راپۆرتێك:

# هەر (٥) چرکە سایتێك تووشی ڤایرۆس دەبێت!!

باوکی رەوا

■ ڤایرۆسەکان بە چەکێکی کوشندەی دەستی چەتەکان (هاکەرزەکان) دادەنرێن بۆ راوکردنی نێچیرەکانیان، وە لەگەڵ زیادبوونی سایتەکانی ئینتەرنێت هاکەرزەکانیش تواناکانیان چڕتر دەکەنەوە بۆ سوود وەرگرتن لەو کەلێنە ناسیکورانەی کە لە تۆڕی ئینتەرنێت و ئەو سایتانەدا هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجە گڵاوەکانیان.

لە راپۆرتێکی تازەی کۆمپانیای (سوفوسی ئەمریکی تایبەتمەند لە بواری پاراستنی زانیارییەکاندا دەرکەوتووە کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم تا ئاداری 2008 لەماوەی هەر 5 چرکەیەکدا سایتێك تووشی ڤایرۆس دەبێت!، کەچی لە ساڵی رابردوو 2007 لە هەر 14 چرکەدا یەك سایت تووشی ڤایرۆس دەبوو.

هەر لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە زۆربەی سایتە تووشبووەکان لە ئەمریکادان بە رێژەی (42%) دوای ئەو چین دێت بە پلەی دووەم بە رێژەی (30.1%) ئینجا رووسیا بە رێژەی (10.3%) و دوای ئەمانیش ئەڵمانیا بە پلەی چوارەم دێت بە رێژەی (2.2%).

چەتەکانی ئینتەرنێت هەر سایتێك کە کەلێنی سیکیوریتی تێدا بێت ئەوا هێرشی دەکەنە سەر جا ناوەڕۆکەی هەرچی بێت گرنگ نیە، ئەوەی جێگای مەترسییە ئەوەیە کە هەر کەسێك بچێتە ناو سایتێکی تووش بوو بەڤایرۆس ئەوا راستەوخۆ ڤایرۆسەکە دەچێتە ناو کۆمپیوتەرەکەی ئەگەر بێتو کۆمپیوتەرەکەی پارێزراو نەبێت بە ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز و پڕۆگرامی پاراستن.

شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن چەتەکانی ئینتەرنێت بەردەوام بەدوای هەر کەلەبەرێك دەگەڕێن لە سایتەکاندا بۆ ئەوەی زیانێکی گەورە بە خاوەنەکەی بگەیەنن بە تایبەتی ئەو سایتانەی کە خەڵکانێکی زۆر دەیانکەنەوەو رەواجیان هەیە لەلایەن بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت.

شارەزایان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئامۆژگاری دەکەن بە بەکارهێنانی ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز و پڕۆگرامەکانی پاراستن و نوێکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ ئەوەی پارێزراو بن و دوور بن لە دەستی رەشی چەتە تاوانکارەکانی ئینتەرنێت.

جێی ئاماژە پێکردنە ئەم راپۆرتە پاش هۆشداریەکانی کۆمپانیای (مەکافی) تایبەتمەند لە ئاسایشی ئینتەرنێت هات بۆ بەکارهێنەرانی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی ترسناك کە نزیکەی نیو ملیۆن کۆمپیوتەری کردۆتە ئامانج، وە ڤایرۆسەکە دوای داونلۆدکردنی فایلەکانی مەڵتی میدیا وەکو فیلم و گۆرانی کۆمپیوتەرەکان تووش دەکات، ئەویش لە جیاتی دابەزاندنی فایلە داواکراوەکە هەڵدەستێت بە فێڵ کردن لە کەسەکەو داخڵ کردنی ڤایرۆسێکەو پڕۆگرامێکی نهێنی و پاشان کۆمپیوتەرەکەیان پڕ دەکات لە رێکلامی نەویستراو.

رۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی راگەیاند کە شیکەرەوەکانی کۆمپانیای مەکافی زیاتر لە 530 هەزار نموونەی ئەو ڤایرۆسانەیان تۆمارکردووە لە ماوەی تەنها یەك هەفتەدا، کە ئەمەش بە گەورەترین بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس دادەنرێت لەم چەند ساڵانەی دواییدا.

راپۆرتە هەواڵیەکان و سایتە تەکنۆلۆژیەکان لە سەر زاری شارەزایەکی بواری نەهێشتنی ڤایرۆسەکان رایانگەیاند کە ئەم ڤایرۆسە سەرکەوتووترین شیفرەی تاوانکارییە لە سێ ساڵی رابردوودا، وە خۆشبەختانە ئەم ڤایرۆسە زیانبەخش نەبوو خۆ ئەگەر وابا ئەوا کارەساتێکی گەورەی دەقەوماند، بەڵام ئەوەی جێگای دوو دڵیە ئەوەیە کە کەسانێکی تاوانکار سوود لەم شیفرەیە وەربگرن و بۆ کارە تاوانکاریەکانیان بەکاری بهێنن.

هەروەها ئەم شارەزایە ئەوەشی رایگەیاند کە تەکنیکی (ئەسپی تەروادە) ناسراوە بەڵام ئەمەی دوایی جیاوازبوو وە سەرکەوتووتر بوو لەوانی تر.

هەر بۆهەمان مەبەست یەکێکك لە کۆمپانیاکانی بواری پاراستنی زانیارییەکان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی ئاگادار کردۆتەوە کە نەکەونە داوی هەندێك لەو نامە ئەلیکترۆنیانە (ئی مەیڵ) کەوا گوایە وێنەی نابەجێی هەندێك لە ناودارەکانی جیهانی تێدایە کە ئەم جۆرانە هەڵگری ڤایرۆسن و هەر بە کردنەوەیان راستەوخۆ کۆمپیوتەرەکەت تووشی دەبێت.

هەروەها کۆمپانیای (پاندا سیکوریتی) یەکێك لە گەورە کۆمپانیاکانی بواری پاراستنی ئەلیکترۆنی رایگەیاند کە ناونیشانی ئەو ئیمەیلانە زۆربەی کات باس لە وێنەی نەشیاوی گەورە ئەستێرەکانی جیهانیی دەکەن، وەکو گۆرانی بێژو هونەرمەندو وەرزشوانە ناودارەکان، یاخود هەندێك لە ناونیشانی سەرنج راکێش بۆئەوەی بەکارهێنەر بیانکاتەوە.

کۆمپانیاکە ئەوەشی راگەیاند تەنها بە کردنەوەی ئەو ئیمەیلانە ئەوا ڤایرۆسەکەی دەچێتە ناو کۆمپیوتەرەکان و زۆرکات جۆرێکن لە (ئەسپی تەروادە) کە خۆیان لەناو کۆمپیوتەرەکان کۆپی دەکەنەوە. بۆیە بەرپرسانی کۆمپانیاکە بەکارهێنەرانی کۆمپوتەرو ئینتەرنێتیان ئاگادارکردۆتە کە دورکەونەوە لە کردنەوەی ئەو جۆرە ئیمەیلانە و ئەو لینکانەی کە گوایە ئەو جۆرە وێنانەی تێدایە.

www.c4kurd.com

# مێژووی دروست بونی یوتوب.. گەورەترین سایت بۆ دانان و گەڕانی ڤیدیۆیی

هێمن فاتح

■ سایتی یوتوب (www.you-tube.com) یەکێکە لە سایتە سەرنج ڕاکێشەکانی ناو ئینتەرنێت کە بە تەنها دوو ساڵی تەمەنی جێگەیەکی بەهێزی بۆ خۆی لە ناو سایتەکانی ئینتەرنێت کردۆتەوە. لە سایتی یوتوبدا هەموو کەسێك دەتوانێت فایلی ڤیدیۆیی خۆی ئەپلۆد بکات و دوایش خەڵکانی تر سەیری بکەن. بەشێوەیەکی لێ هاتووە کە زۆرترین ڤیدیۆی لە ناو سایتی یوتوبدا دەست دەکەوێت هەموو کەس ئازادە لە ئەپلۆدکردنی ڤیدیۆیەکەی خۆی بە خۆڕایی.

ئەوەی سەرنجی بەکارهێنەرانی ئەو سایتەی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە ئایا ئەم هەموو ڤیدیۆیانەی کە لەناو ئەو سایتەدا هەیە چ ترافیکێك بەرگەی دەگرێت و چ قەبارەی هاردێك هەیە ئەو هەموو ڤیدیۆیانەی تێدا جێگا بێتەوە کە بە جۆرێکی لێ هاتووە ڕۆژانە سەدان و هەزاران ڤیدیۆ لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ئەو سایتە ئەپلۆد دەکرێت.

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین ئەوەیە کە زۆرێك لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت نایزانن کە ئایا ئەم سایتە چۆن دروستکراوەو چ کاتێك دۆمێنەکەی کڕدراوەو چەند ترافیك بەکاردەهێنێت و چەند کەس فەرمانبەرە لەو کۆمپانیایە و زۆر نهێنی تری ئەم سایتە کە لە ماوەیەکی کەمدا بوەتە پێنجەمین سایت لە جیهاندا.

بیرۆکەی دروست کردنی سایتی یوتوب لەنێوان چەند کەسێکدا دروست بوو کە هاوڕێی یەکتربوون لە ئاهەنگێکدا وێنەی ڤیدیۆییان گرتبوو و دەیان ویست بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هۆی ئینتەرنیتەوە بۆ یەکتری بنێرن. هەر چەند دەیانزانی بەهۆی ئیمەیڵەوە ناتوانن چونکە ئیمەیڵ قەبارەیەکی دیاری کراوت دەداتێ لە ئەپلۆد کردنی فایلدا و فایلی ڤیدیۆش قەبارەی گەورەو بە ئیمەیڵ ناتوانرێت بۆ یەکتری بنێرن. بۆیە بیریان لە د ر و ستکر د نی سایتیك دەکردەوە کە ئەم کارەیان بۆ بکات و بتوانن فایلی ڤیدیۆیی ئەپلۆد بکەن.

سەرەتا Chad Hurley و Steve Chenلە گەراجێکی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلدا کارەکانیان دەکرد و لە 2005/2/15 دۆمێنەکەیان کڕیوەو لە ماوەی چەند مانگێك سایتەکەیان لە ناو



ئینتەرنێت بڵاو کردۆتەوە. لە هاوینی ساڵی 2006 بە خێراترین سایتی ئینتەرنێت دادەنرا کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشەی کردوە و لە ماوەی یەك ڕۆژدا 100 ملیۆن سەردانی دەکرا. هەر لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژێکدا زیاتر لە 65 هەزار فایلی ڤیدیۆیی تێدا ئەپلۆد دەکرا.

بەم شێوەیە سایتی یوتوب بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە جیهانی ئینتەرنێتدا ناسراو بەڕێوەبەرەکانیشی هەر لە ناو گەراجێکی ئۆتۆمۆبیل چاککردنەوەدا کاریان دەکرد. دوای ساڵێك و نۆ مانگ کۆمپانیای گۆگڵ هەستا بە کڕینی سایتی یوتوب 1.65 ملیار دۆلار و دامەزرێنەرانیشی لەو شوێنەی خۆیانەوە بەرەو بارەگاو نوسینگەیەکی تایبەت و نمونەیی و لەوێوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا.

یوتوب زۆر سکاڵای یاسایی لەسەر نوسراوە بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە خەڵکی ڤیدیۆکانی ئەوانیان ئەپلۆد دەکرد و بە شێوەیەکی خۆڕایی خەڵکی سەیریان دەکرد. بەم جۆرە بەڕێوەبەرانی یوتوب هەستان بە دەستنیشان کردنی کاتی ڤیدیۆیەکان کە نابێت لە دە خولەك زیاتر بێت، بەڵام بەکارهێنەرانی سایتەکە دەهاتن فایلە ڤیدیۆیەکانیان دەکردە چەند پارچەیەك و ئەوکات ئەپلۆدیان دەکرد. بۆیە نەیان دەتوانی بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەو هەزاران فایلە ڤیدیۆیانە بکەن کە ڕۆژانە دەیخەنە ناو سایتەکەوە. بۆیە زۆرێك لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکان ڕێکەوتنامەیان لەگەڵ یوتوب کردووە کە بابەتەکانیان بە شێوەیەکی فەرمی لەو سایتە بڵاو بکرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو سایتە هی خەڵکەو هەموو کەس دەتوانێت ڤیدیۆی خۆی بڵاو بکاتەوە بۆیە زۆرێك لە وڵاتان نا ڕازین لەو ڤیدیۆیانە کە دژیانە و هەستاون بەبلۆك کردنی ئەو سایتەو ناهێڵن بکرێتەوە و ئەوانیش وەکو ئێران و بەرازیل و مەغریب و تایلەند و تورکیاو سعودیەو هەندێك وڵاتی تریش چەند بەشێك لە ڤیدیۆیەکانیان بلۆك کردووە.

ئەوەی گرنگە کە بیزانین ئایا ترافیك (باندویس)ی سایتی یوتوب چەندە؟ چونکە سایتێك ڕۆژانە ئەو هەموو فایلە قەبارە گەورەیەیەی بۆ ئەپلۆد بکرێتەوە ئەوەندەش سەردانی هەبێت بۆ کردنەوەی ئەو فایلە قەبارە گەورانە دەبێت چ ترافیکێك بەرگەی بگرێت؟!.. سایتی یوتوب لە مانگێکدا 24,980,858 گێگا ترافیك سەرف دەکات و نرخی ئەو هەموو ترافیکەش لە مانگێکدا 1.2 ملیۆن دۆلارە و زۆرجاریش مانگانە کە زۆرتر دەکرێتەوە خۆی لە 6 ملیۆن دۆلار دەدات. ئەوە تەنها تێچونی ترافیکی ئەو سایتەیە.

ئەگەر ئەوە ژمارەی سەردان ترافیکی سایتێکی وەکو یوتوب بێت و مانگانە ئەوەندە پارە بدات لە بڕی ئەو هەموو سەردان و کارە خۆڕاییانەی، دەبێت پرسیارێك بکرێت کە ئایا قازانجی ئەو سایتە چەند دەبێت؟

لەسەر قازانجی مانگانەی سایتی یوتوب لێڵییەك هەیە کە پیش کڕینی گوگڵ ئەوە مانگانە 15 ملیۆن قازانجی بوو لەو ریکلامانەی کە لە ناو سایتەکەدا دادەنرا. بەڵام دوای کڕینی لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە ئەوە لێڵییەك و نادیارییەك لە قازانجکردنی مانگەی هەیە و زۆرێك دەڵێن ڕەنگە نزیکەی 12 ملیۆن دۆلار بێت. چونکە سایتێکی وەکو یوتوب زیاتر گوگڵ بەکاری دەهێنێت بۆ بەهێزکردنی ئاستی خۆی پەیداکردنی میوان و سەردانکەر لە خۆی زیاتر لەوەی بیر لە قازانجی بکاتەوە. بە کوردی زەرەر نەکات قازانجی ناوێت. بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە دروست کەرانی ئەو سایتە کارێکی وایان نەکردووە.. بەڵکو گۆڕانێکی نمونەییان لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت کردووەو خزمەتگوزاریەکیان پێشکەش بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کردووە بە خۆڕایی کە جێگەی شانازیەو داهێنانێکی نمونەییە.

# هاکەرز لە نێوان نەخۆشی و داهێنان.. ئاوڕێکی بەپەلە لە سەر کورد و هاکەرز

■ هاك و هاکینگ جیهانێکی تایبەت و پڕە لە ماندوبوون و خۆشی و ناخۆشی. ئەوەی گرنگە لەلام لەم باسەدا تیشکێك بخەمە سەر ئەوانەی خەریکی هاکن بەگشتی و بە پەلەش باسێکی کورد لە سەر ئەوەی ئایا کورد هاکەرزی هەیە؟

کەسی هاکەرزی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە داهێنان دەکات لەکارەکانیداو لە بوارێك لە بوارەکانی کۆمپیوتەر زۆر شارەزا دەبێت تا ئەو ڕادەیەی هەست بەلاوازیەکانی ئەو بوارە دەکات و دەتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات بەمەرجێك شارەزایی هەبێت لە بواری پرۆگرامیندا. بە ڕوونتر بڵێم بۆ نمونە ئەگەر کەسێك زۆر خەریکی بەرنامەی فۆتۆشۆپ بێت و تێیدا بە مانای تەواو ببێتە پرۆفیشنەڵ لە بەکارهێنانی فۆتۆشۆپ، ئەوا لە هەموو کەسێك باتشر هەست بە بەهێزی و لاوازی ئەو بەرنامەیە دەکات و ئەگەر باکگراوندێکی پرۆگرامینیشی هەبێت ئەوە دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لە لاوازیەکانی ئەو بەرنامەیە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەسانی هاکەرز کەسانێکن بەشوێن داهێناندا دەگەڕێن و بە هەمیشە لە گۆڕانکاریدان. بەڵام بە بڕوای من بەو کەسە ناوترێت هاکەرزی ڕاستەقینە کە تەنها کاری بەکارهێنانی بەرنامەکانی هاکەرزە. بۆ نمونە کەسێك بەرنامەیەکی هاکینگ لە سایتێك داونلۆد دەکات و دێت بەکاری دەهێنێت بۆ هاك کردنی کەسانی تر. ئەوە تەنها بەکارهێنەری بەرنامەیەکەو بەڵکو دروستکەرو داهێنەری ئەو بەرنامە هاکە نییە. بۆیە دەتوانین بەوانە بڵێین شاگردی هاکەرز نەك هاکەرزی پرۆفیشناڵ.

بەڵام ئایا توشبوون و بەکارهێنانی بەرنامەکانی هاکینگ یاخود دروست کردنی بەرنامەکان و نوسینی کۆدەکان بۆ چونە ناو کۆمپیوتەرێك یاخود دزینی زانیاری کەسێك کارێکی باش و ئیجابی دەکاتە سەر ژیانت؟ بێگومان بەڕای من نەخێر. هەمیشە هاکەرزەکان لە هاوڕێکانیانەوە دەست پێ دەکەن و زۆر جاریش دەبێتە هۆی نەمانی هاوڕێی باش. چونکە کاتێك کۆمپیوتەری برادەرێکت هاك دەکەیت ئەوە دەست دەگریت بەسەر هەموو ئەو زانیارییە کەسییەی کە لەناو کۆمپیوتەری هاوڕێکەتدا هەیە. کە ئەمەش زۆر جار تامێکی تایبەتت پێ دەدات بۆ ئەوەی نهێنی کەسانی تریش بزانین. ئەم زانینی نهێنیەو حەز کردن بە هاککردنی کەسانی تر دەبێتە نەخۆشیەکی زۆر کوشندە کە لە دواییدا مەنبوزی و بێ هاوڕێی و بێ متمانەییت بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر هاوڕێکەت زۆر خۆش ویست و هەرگیزیش بیرت لە هاك کردنی نەکردەوە، ئەوا ڕەنگە هاوڕێکەت متمانەت پێ نەکات و هەمیشە لە ترسی ئەوە بێت تۆ نهێنیەکانی ئەو ببەیت. کە بێگومان هەموو کەسێك نهێنی تایبەتی خۆی هەیەو نایەوێت کەسانی زۆر زۆر نزیکیش لێی بزانن. بەمەش کەسانێکی زۆرت لێ دەتەکنەوەو متمانەیان پێت نابێت. ئەم نەخۆشییە کاریگەری زۆری دەبێت بەتایبەت دوای ئەوەی لەسەرەتا تام و چێژێکی زۆری لێ دەکەیت و لە کۆتاییدا هەست دەکەیت بەرەو هەڵدێر ڕۆشتویت و کەسێك نییە بتوانێت لەگەڵیدا بژیت و هاوڕێت بێت.

بەڕای من ئەم نەخۆشیە زۆر بە ئاسانیش لە کۆڵی کەسە هاکەرزەکە نابێتەوەو هەمیشە حەزی لە زانینی نهێنی کەسەکانەو بەتایبەت ئەگەر ڕقی بەرامبەر کەسێك هەبێت و هەمیشە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی زانیاریەکانی ئەو کەسە دەدات.




ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کە ئیتر کەسمان ڕوو لە زانستی هاکینگ نەکەین و کاری هاکینگ کارێکی قیزەونە.. نەخێر، بەڵکو ئامانجی یەکەمجارت دەری دەخات کە تۆ توشی ئەو نەخۆشییە دەبیت یان نا. چونکە زۆر جار فێربوون و هەوڵدان بۆ کاری هاکینگ بۆ خۆ پاراستنەو بەهۆیەوە خۆت لە هێرشی کەسانی تر دەپارێزیت. چونکە وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد ئەو کەسەی کە ڕوو لە کاری هاکینگ دەکات ئەو کەسەیە کە زۆر شارەزایە و توانیویەتی لاوازی بەرنامەکان بدۆزێتەوە. کاتێکیش توانیت لاوازی بەرنامەکان بدۆزیتەوە ئەوا دەتوانیت لاوازی کاری خۆتیش بدۆزیتەوەو خۆت لە هێرشی کەسانی تر بپارێزیت.

با بزانین تا چەندێك لە کوردستاندا هاکینگ باشەو ئایا هاکەرزمان هەیە؟! بەڕای من هەتا ئێستا لەناو ئێمە هاکەرزێکی پرۆفیشناڵ هەڵنەکەوتووە کە بە مانای هاکەرز لە بواری شارەزایی زۆری کۆمپیوتەر و دروستکردن و نوسینی کۆددا شارەزای تەوای هەبێت و بتوانێت خۆی کۆد بۆ هاك کردنی بەرامبەر دابڕێژێت. بەڵکو ئەوانەی کە ئێستا خەریکی ئەو کارەن (لەگەڵ ئەوەی کە زۆر هەنگاوی باشیان بڕیوەو ئومێدیان لێ دەکرێت بەرەو باشتر بڕۆن) تەنها بەرنامەی حازر بەکار دەهێنن و کاریان دوو بارە کردنەوەی ئەو هەنگاوانەیە کە لە سایتەکانی تایبەت بە هاکینگ وەری دەگرن و فێر دەبن. دورن لەوەی خۆیان داهێنانێکی تایبەتی ئەنجام بدەن و خۆیان هەنگاوەکان بۆ خۆیان دیاری بکەن. هەر بۆیە هەتا ئێستاش نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی تۆکمە بەرامبەر هێرشی هاك کردنی سایتەکانمان لە لایەن تورکەکانەوە بوەستین، هەرچەندە لە هەندێ لاوە کاری تاکە کەسی هەیە بەڵام لە ئاستی بەهێزی تورکەکاندا نین.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەوڵی دروستکردنی گروپی تایبەت و شارەزا و تۆکمە بدەین لەم بوارەشدا هەر کاتێك بمانەوێت لە پێناوی ئامانجێکی ڕاست و نیشتمانی بەکاری بهێنین و یارمەتی دەرێك بێت بۆ پێشخستنی وڵات و شارو کوردستانمان.

OPEN

## خوێندنەوە لە سەردەمی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان

بەڕێوەبەری نووسین

■ تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندن کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر شێوەو ستایلی ژیانی مرۆڤەکاندا هێناوە لە ڕێگای هۆکارە جۆربەجۆرەکانی ئەم تەکنۆلۆژیایە، جا دەکرێت گۆڕانکارییەکان کەم بن و دەشکرێت هەندێکیان گۆڕانکاری ریشەیی بن، ئەم گۆڕانکاریانەش پەلیان هاویشتووە بۆ گشت بوارەکانی ژیان وەکو بوارەکانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی، زانستی، ئابووری، بازرگانی، هزری و، چەندین بواری تر.

جا یەکێك لەو بوارانەی کە تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان کاریگەری هەبووە لەسەری بواری خوێندنەوەو نووسین و گۆڕانکاریەکە بەهەردوو ڕەگەزەکەی چ وەك نووسەر چ وەك خوێنەر گرتۆتەوە لەگەڵ شێواز و هۆکارەکانیش.

ڕوونە لامان کە خوێندنەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی گۆڕان و پێگەیاندن و تەواوکاری عەقڵ و بیری مرۆڤەکان، بۆیە لە دێر زەمانەوە مرۆڤ هەوڵی داوە لەلایەك بۆ برەودان بە تواناو لێهاتنە ژیریەکانی و لەلایەکیتر بۆ پاراستنی زانیاری و بەرهەمی بیرو هزری بیرمەندو زاناکان پەنا بباتە بەر نووسین لەسەر تاشە بەرد و پێستە و هۆکارە جۆراوجۆرەکان، تا گەیشتۆتە سەر کاغەز کە تا ئێستاش کاغەز وەکو پێکهاتەی سەرەکی کتێب و نووسراوەکان گرنگی خۆی لەدەست نەداوە. بەڵام تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان توانی شۆڕشێك بکات لەسەر کاغەز و هاوڕێکەی کە قەڵەمە، بە سوود وەرگرتن لە دایکی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی کە پێی دەوترێت (سفرو یەك)، توانی پیت و ڕستەکان لەسەر ڕووپەڕەی کاغەزەکان بگوازێتەوە بۆسەر ڕووی شاشە دیجیتاڵیەکان.

بۆیە ئێستاکە پێش دەرچوونی ڕۆژنامەکان لە چاپخانەکان دەتوانیت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت ڕۆژنامەکە بیخوێنیتەوە. ئەمەش وایکردووە کە زۆرخێراتر لە جاران ڕۆژنامەکان بگەنە بەر دەستی خوێنەرانیان کە پێشتر ئەم کارە لەوانەبوو چەند ڕۆژێکی بخایاندبا. جگە لەمەش بە نرخێکی گەلێك هەرزانتر و لە ڕووی هەڵگرتن و پاراستنیشان ئاسانترە. سەرەڕای ئەمانەش سەدان و هەزاران ڕۆژنامەش هەن کە ئەلیکترۆنین و چاپی کاغەزیان هەر نییە. هەروەها بۆ کتێبیش بەهەمان شێوە.


جگە لەم تایبەتمەندیانەی نووسراوە ئەلیکترۆنییەکان کە باسمان کرد، نووسراوە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانرێت تێیاندا هۆکارەکانی دەنگ و ڕەنگیش (Multimedia) بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش کاریگەرییان باشتر دەبێت لەسەر خوێنەر بۆ تێگەیشتن و هەرس کردنی بابەتەکان.

بێ گومان ئەمانەش کاریگەری سلبیان کردۆتە سەر چاپکراوە کاغەزیەکان و وایکردووە کە خوێنەری نووسراوە کاغەزیەکان لە کەم بوونەوەدا بێت.

جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئایا بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیەکان بەگشتی ژمارەی خوێنەرانیان زیاد کردووە یان کەم؟ و ئایا خوێنەری ئەلیکترۆنی دەتوانرێت وەکو خوێنەر ئاسایی هەژمار بکرێت؟

دوو ڕا هەیە و هەردوولا لە ڕووی چەندایەتی لەگەڵ ئەوەدان بەڵی خوێنەری زیاد کردووە. بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی ڕای یەکەم دەڵێن خوێنەری ئەلیکترۆنی ناتوانرێت بە خوێنەری جیددی ناوببرێت وەکو خوێنەری سەر کاغەز، بەڵکو تەنها خوێنەری ڕووکەشن و وردبوونەوە نییە لە خوێندنەوەکانیان، چونکە زۆربەری جار تەنها سەردێڕو ئەو بابەتانە دەخوێننەوە کە سەرنج ڕاکێشن و لەسەر بابەتەکان ناوەستن و بە خێرایی بەسەریاندا تێپەڕ دەبن. بەڵام ڕای دووەم لەگەڵ ئەوەدان کە بەڵێ خوێنەری نووسراوە ئەلیکترۆنیەکانیش خوێنەری جیددین و بەڵکو زۆرجار خوێنەری ئەلیکترۆنی لە خوێنەری سەر کاغەز زیاتر سوود و چێژ لە بابەتەکان وەردەگرێت لەبەر بوونی هۆکارەکانی دەنگ و ڕەنگ (Multimedia) لە نێو بابەتەکاندا.

www.c4kurd.com



# Ram Robot

# یەکەمین ڕۆبۆتی کوردی هەستیار



■ رامان کاکە صالح دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی کۆمپیوتەرە بەپلەی زۆر باش لەسەر ئاستی هەرێم و ئێستاش قوتابی قۆناغی 3 بەشی سۆفت وێرە لە کۆلێژی ئەندازیاری، ئارەزووی بواری ئەلیکترۆنیات و پرۆگرامینگ دەکات.

دیدار: سی فۆر کورد

**+ Ram Robot چیە؟**

- بریتیە لە ئۆتۆمبێلێکی گەڕۆك کە لەرێگەی کۆمپیوتەر کۆنترۆل کراوە و بەرنامەڕێژی بۆکراوە فرمانیش لەو وەردەگرێت، لە توانایدا هەیە بچێتە ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ ناتوانێت بچێت بۆ دۆزینەوەی شتەکان، یا راستەوخۆ ناردنی دەنگ و رەنگ و تۆمار کردنی لە کۆمپیوتەر دەتوانرێت بکرێت لەهەمان کاتدا بە کامێرایەکی تایبەت کە توانای وێنەگرتنی 360 پلەی دەوری خۆی هەیە،کە جگە لە رۆژ شەویش توانای وێنە گرتنی هەیە تا دووری یەك مەتر بەتیشکی ژێروسور، و بە سیستەمی بێ تەلیش کاردەکات .

**+ ئایا توانای کۆنترۆل کردنی تا چەند مەتری هەیە؟**

توانای کۆنترۆڵ کردنی هەیە تادووری 50 مەتر بەبێ بوونی بەربەست بەڵام بەبوونی بەربەست وەکو هەبوونی دیوار ئەوە تواناکەی کەمتر دەبێتەوە بۆ 30 مەتر.

**+ ئایا سەرچاوەی ووزەی ئۆتۆمبێلەکە چیە؟**


ئۆتۆمبێلەکە بە پاتریەکی 12 ڤۆڵتی کاردەکات کەتوانای دووبارە بارگاوی کردنی هەیە، کە ئەم پاتریە توانای هەیە نزیکەی 6 کاتژمێر کار بە ئۆتۆمبێلەکە بکات.

**+ لەکاتی بوونی گرفت بۆ چوونە پێشی ئۆتۆمبێلەکە چۆن چارەسەری دەکات؟**

بیرم لەوە کردۆتەوە و چارەسەریشم بۆ داناوە بە دانانی بەشێکی هەستیار لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە کە لە دووبەش پێکدێت کە یەکێك شەپۆلی (ئەی ئاڕ) دەنێرێت و ئەوی تریش وەری دەگرێتەوە، کەلەکاتی هاتنە پێشی هەرگرفتێك لە رۆیشتنی لەشتەکە دوردەکەوێتەوە ئۆتۆماتیکی بێ خۆلێدانی و لەهەمان کاتیشدا فرمانێك دەنێرێت بۆ بەشی کۆنترۆل کردنەکەی کە کۆمپیوتەرە ئەمەم وەکو نمونە داناوە دەتوانم شتێکی بەدیلی ئەمە دابنێم کە توانای ئاگاداری هەبێت بەدووری 10 سم لە هەرچوار لای دا، جگە لەوەش توانای هەیە بەهەموو لایەکدا بروات.


**ئایا لەرووی کۆنترۆڵکردنی بە کۆمپیوتەر چۆنە؟ و چ پرۆگرامێکت بەکارهێناوە؟**

کۆنترۆڵ کردنەکە بەهۆی بۆردێکەوەیە کە بەکۆمپیوتەر بەستراوە راستەوخۆ



بەکێبڵ و بۆردەکەش بەرێگەی وایەر لێس بەستراوە بە ئۆتۆمبێلەکە، لەرووی سۆفت وێرەوە بەرنامەی ڤیجوەڵ بەسکم بەکارهێناوە، کە نزیکەی دوومانگ خەریکی دارشتنی پرۆگرامەکە بووم،

لەرێگەی فۆرمێکی فیجوەڵەوە دەتوانیت کۆنترۆلی جوڵەی ئۆتۆمبێلەکە بکەیت یاخو بە مەتر بۆی دیاری بکەیت




خۆی ئۆتۆماتیکی بجولێت، و جگە لەم جۆرە کۆنترۆڵ کردنە دەتوانێت بە پێدانی نەخشەی تایبەت بۆی خۆی لەسەری بکەوێتە جوڵە بەڵام پێویستی بە ئەنیتگرێتەکی تر دەبێت، و دارشتی بەرنامەیەکی تایبەتیش بۆی، وزە جگە لە لایەنی سۆفت وێریش نزیکەی سێ مانگ خەریکی هاردوێری بووم کەهەندێك لە پارچەکان دروست کراوی تایبەتن کە دروستم کردووە و ئەوانی تریش پارچەی ئەلیکترۆنین .

**+باشە کێ یارمەتی دەرت بووە لەم کارەدا؟**

تەنها باوکم کەلایەنی ئەلیکترونی یارمەتی داوم لەهەندێك پارچەدا.

**+ ئایا بۆ چ بوارێك دەتوانرێت سوود لە Ram Robot وەربگیرێت؟**

دەتوانرێت بۆ زۆر بوار سوودی لێوەربگیرێت، بۆ لایەنی کەشف کردنی شوێن یاخود هەبوونی تەقەمەنی لەشوێنێك یاخو رەوانەکردنی بۆ شوێنێك کە مرۆش ناتوانێت بۆ بچێت ...بۆ زۆر بواری تریش.

**+ بەنیاز نیت زیاتر پەرەی پێبدەیت ؟**


بەڵێ بەنیازم کە هاندێکی بۆ دروست بکە کە توانای هەڵگرتنەوەی شتەکانی هەبێت .

**+ گرفتەکانت چی بوون لەماوەی دروست کردندا؟**

بەراستی زۆر گرفتم هەبووە لەماوەی کارکردنمدا بەتایبەت نەبوونی کارەبا، نەبوونی جێگە، نەبوونی ماددە بۆ کرینی پارچەی پێویست .

**+ رات بەرامبەر رۆژنامەی سی فۆر کورد چۆنە؟**

بەراستی بە رۆژنامەیەکی سەرکەوتووی دەزانم و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم کە ئەم خزمەتە جوانە دەکات بە بواری ئای تی، بەسەر کردنەوەی کارەکانی ئای تی دەکات، هیوادارم بەرەو پێشوە چوونی زیاتر ببینم لە رۆژنامەکەتان .



# ڕێکخراوی سۆلیدارێتی و خزمەتێکی بەردەوام لە بواری کۆمپیوتەر



■ ڕێکخراوی سۆلیدارێتی یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هاوڵاتیانی کوردستان پێشکەش بکات و یەکێك لەو پرۆژە گرنگانەی ئەو ڕێکخراوە کردنەوەی خولی کۆمپیوتەرە لەسەر هەموو ئاستێك و زیاتر لە 5000 هاوڵاتی توانیویانە سوود وەربگرن بەبێ بەرامبەر و بەشێوەیەکی بەردەوام و بە خۆڕایی خولی کۆمپیوتەریان وتوەتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم ڕێکخراوەو ئەو خولانەی کە لەم ڕێکخراوە کراوەتەوە پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز فوئاد یاسین کە ناسراوە بە فوئادە رەش کە وەك سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکەو هەروەها وەك مامۆستایەکی روخۆشی خولەکانی کۆمپیوتەر بەم شێوەیە باسی لە خولەکانی کۆمپیوتەر کرد:

ئا: محەممەد ئەبوبەکر

لەساڵی 1991 ئەم ڕێکخراوە دامەزراوەو لەشاری سلێمانی دەستی کردوە بە کارکردن

**• کاك فوئاد چۆن پەیوەندیت دروست کرد لەگەڵ کۆمپیوتەر؟**

من خۆم دەرچوی پەیمانگای ئەلیکترۆنیم لە سوید لە ساڵی 1984 لەگەڵ کۆمپانیایەکی سویدی کارم کردوە وەك چاکردنی کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەکانی سوید کە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی من بوو.

**• یەکەم خولی کۆمپیوتەر لە ڕێکخراوەکەتان کەی کرایەوە؟**

یەکەم خول کە کردمانەوە بۆ کۆمەڵێك خەڵکی رۆشنبیر کرایەوە لە ساڵی 1995 و بەبێ بەرامبەر و ئەو بەرنامەی کە بۆمان کردن بەرنامەی ۆرد بوو پاشان بۆ کۆمەڵێك خوێندکارو مامۆستای زانکۆی سلێمانی بوو وەك کۆلێژی زانست و کشتوکاڵ ..

**• ئەو خولانەی کەدەکرێنەوە لە ڕێکخراوەکەتانان چین؟**

بە رنامەی (ۆرد، ئێکسل، ئەکسس، ئۆتۆکاد، فۆتۆشۆب، ئەدۆپرایمەر).

**• بۆ چی تاوەکو ئێستا وێب سایتکتان نیە تایبەت بە بە ڕێکخراوەکەتان؟**

وێب سایتکمان هەبوو لەساڵی 1992 تاوەکو 1998 بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئینتەرنێت کەم بوو زۆر کەم کەس سەردانی دەکردین لەبەر ئەوە دامان خست.

**• تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم هاوکاری ڕێکخراوەکەتانی کردووە ؟**

تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم هیچ هاوکاری ئێمەی نەکردوە بەڵام ئێمە زۆر هاوکاری حکومەتمان کردوە بە هەزارەها فەرمانبەری حکومی سوودیان لە ئێمە وەرگرتووە بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر بەبێ بەرامبەر.

**• بۆ چی تەنها بنکەتان لەشاری سلێمانی هەیە و ئایا بیرتان نەکردۆتەوە بنکە لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بکەنەوە؟**

لەبەر بێ ئیمکانیەتی ماددی نەمان توانیوە لەشارەکانی تری کوردستان بنکە بیکەینەوە

**• ئەو کەس و لایانانە کێن کە هاوکاری ڕێکخراوەکەتان دەکات؟**

هەندێ کەسی کوردی ئەوروپا بەتایبەتی لە وولاتی سوید و لە شاری ستۆکهۆلم کە هەندێ کوردی دڵسۆز بەشێکی کەم لە مووچەی خۆیان هاوکاری کردوین.

**• ئایا هیچ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئێوە و سۆلیدارێتی خوێندکاران؟**

بەڵێ لە چوار کابینەکەی حکومەتی هەرێم مۆڵەتی رەسمیمان هەبووە بەڵام سۆڵیدارێتی خوێندکاران لە ئازادکردنی عێراقەوە واتە لە ساڵی 2003 دروست بوون و ئێمە هەموو ئیشەکانمان بێ بەرامبەر بووە بەڵام ئەوان سوودیان وەرگرتووە لە ناوبانگی ئێمە.



**• ئێستا ئای تی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

ئەو کەسانەی کەئێستا ناوبانگیان هەیە هەوڵی تاکە کەسە، زانکۆکان نەیان توانیوە ڕۆڵی بەرچاو ببین لە بواری ئایتی.

**• پرۆژەی داهاتووی ڕێکخراوەکەتان چییە؟**

بۆداهاتوو بیر لەوە دەکەینەوە کە لە بواری پرۆگرامسازی تایبەت بە زمانی کۆمپیوتەر وەکو بواری زمانی C++دا خول بکەینەوەو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەین کە هەموو لاوێکی کورد وشیارترو نیشتمان پەروەرتربن.

**• دوا وتەی کاك فواد؟**

ڕێکخراوەکەمان هەمیشە دەرگای کراوەیە لە بەردەم هەموو ئەو لایانەی کە دەیانەوێت خزمەت بکات لەبواری کۆمپیوتەر هەر بوارێکی تری زانستی و هونەری، وەك کردنەوەی خولی راهێنان و فێرکردن.

## گرنگترین 50 کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بواری ئینتەرنێت لە جیهاندا

-٢-



Henry -8 Chon
بەڕێوەبەری سایتی cyworld
کە تایبەتە بە یەکترناسین و پەیداکردنی و هاوڕێ وەکو سایتەکانی فەیس بوك و مای سپەیس.

* * *

-9 Niklas Zennstrom و Janus Friis
دامەزرێنەرانی بەرنامەی Skype کە تایبەتە بە چاتکردن و ڤۆیس کۆڵ و ڤیدیۆ کۆڵ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە.



* * *



Matt -10 Mullenweg
پێشخەری سکریپتی ۆرد پرێس کە تایبەتە بە دروست کردنی سایتی ئینتەرنێت و بە خۆڕایی دەتوانیت سایتی پێ دروست بکەیت.

* * *

-11 Jerry Yang و David Filo و Terry Semel
بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای یاهوو کە لای هەموان ئاشکرایە خاوەنی 500 ملیۆن ئەندامەو بە ئیمەیڵی خۆڕایی و بەهێزی هەواڵ ناسراوە.



* * *



Jack Ma -12
بەڕێوەبەری گشتی سایتی عەلی بابە کە بە یەکەمین سایتی تایبەت بە بازرگانی زانیاری گشتی دادەنرێت لە وڵاتی چین.

* * *



Ray Ozzie -13
بەرێوەبەری دروستکردنی پرۆگرامەکان لە کۆمپانیای بەناوبانگی مایکرۆسۆفت.

* * *

-14 Jeff Bezos بەڕێوەبەرو دروستکەری سایتی ئەمەزۆن کە بە ناوبانگترین سایتی کرین و فرۆشتنە لە ناو ئینتەرنێتدا.



www.c4kurd.com

زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربوونی C++ هەنگاو بە هەنگاو

## بەشی پانزەهەم

عەبدولباسیت کامل . ماستەر لە I.T . زانکۆی کۆیە

■ لە بەشی رابردوو باس لە دۆزینەوەی تیرەی پێچەوانەی ریزکراوی دوو ئاراستە کرا کە ئەمەش هەمان کۆدی دۆزینەوەی کۆی تیری ریزکراوەکە دەگەیەێت بەمەرجێك لە بری یەکسان بوونی i و j هەنگاوەکە بەم شێوەیە دەنووسین ئەگەر i=n-j روویدا ئەوا خانەکان کۆ دەکەینەوە ئەگەر نا لێدەگەرێین.

لەم بەشەدا بەرێزان کۆمەڵێ نموونەی گرنگ باس دەکەین کە زۆرێك لە باسەکانی پێشترمان دەگرێتەوە، و ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی بابەتی بەشی داهاتوو کە باسی فەنکشنە زیاتر روونتر بێت و پێویستییەکەی تربێت.

نمونەی یەکەم باس لە دۆزینەوەی گەورەترین کۆلکەی هاوبەش دەکات، گەورەترین کۆلکەی هاوبەش نێوان دوو ژمارە بریتییە لە گەورەترین ژمارە کە هەردوو ژمارەکە دابەشی دەبن بە بێمانەوەی هیچ نرخێك. بۆ نموونە گەورەترین کۆلکەی هاوبەش لە نێوان 12 و 8 بریتیە لە 4.

ئەم کۆدەی خوارەوە ئەم کامان بۆ دەکات بۆ هەموو ژمارەیك، ئەمەش بەهۆی کردنەوەی لووپێك لە یەکێك لە ژمارەکانەوە تا یەك و لە ناو ئەم لووپەدا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئایا هەردوو ژمارەکە لە هەمان کاتدا دابەشی i دەبن، لە کاتێکدا i نرخێکی گۆراوە و لەو ژمارەوە دەستپێدەکات بەرەو خوارەوە. رونیشە لای هەمووان کە تاقیکردنەوەی ئەوەی کە نرخێك دابەشی ئەوەی تر دەبێت یان نا بەکرداری % دەکرێت:

```
int main()
{
int n=12; int m=8;
for(int i=m;i>=1;i--)
if (n%i==0 && m%i==0)
cout<<i<<"is the G.C.D of"<<n<<"and"<<m;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbsait\My Document
4is the G.C.D of12and8
```

نموونەی دووەمیش بریتیە لە دۆزینەوەی ژمارەی خۆبەش واتا ئەو ژمارانەی کە دابەشی خۆیان و یەك دەبن و هیچی تر، ئەمەش بەوە دەکرێت کە هەموو ئەو ژمارانەی نێوان خۆی و یەك بەبێ ئەوەی خۆیانی تێدابێت تاقی بکرێتەوە و بریار بدرێت لە سەر ئەوەی ئایا دابەشی دەبێت یان نا. ئەمەی خوارەوە ببینە و دواتر نرخی n بگۆرە و بزانە چی روو دەدات!.

```
int main()
{
int n=13;bool flag=1;
for(int i=n-1;i>1;i--)
{
if (n%i==0)
{flag=0;
break;
}}
if (flag==0)
cout<<n<<"is not prim number";
else
cout<<n<<"is prim nmber";
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbsait\
13is prim nmber
```

نموونەی سێیەم بریتیە لە گۆرینی ژمارە یەکی دیسیماڵ بۆ باینەری کە دیارە ژمارەی باینەری تەنها دوو دیجیتی تێدایە کە بریتیە لە 0 و1. بۆ نموونە ژمارە 4 بە دیسیماڵ بەرامبەری بە باینەری 100 ە، ئەم کردارەش بە شێویەك ئەنجام دەدرێت بە دابەش کردنی نرخەکە بە سەر دوو دا و دواتر ماوەکەی کە یان 1 و یان 0 دەبێتە نرخی باینەری ئەم ژمارە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت ئەم ریزبەندییە پێچەوانەوە بکرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەم نرخە دەربچێت. بۆ نموونە

| | |
|---|---|
| 13 | |
| 6 | 1 |
| 3 | 0 |
| 1 | 1 |
| 0 | 1 |

کەواتە ژمارەی باینەری بەرامبەر بە 13 بریتیە لە 1101. ئەم کۆدەش هەمان کار دەکات:

```
int n=13;int bin[100];int i=0;
while (n>0)
{bin[i]=n%2;
i=i+1;
n=n/2;
}
for (int j=i-1;j>=0;j--)
cout<<bin[j];
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbsai
1101_
```

ئەگەر بمانەوێت ژمارەی ئەو دیجیتانە بدۆزینەوە لە ژمارەیەکی دیاری کراودا بۆ نموونە چەند ژمارە 4 هاتووە لە ئێنتیجەرێك وەك 2343441 بێ گومان سی دانە جار ژمارە چوار هاتووە. ئەم کۆدەی ئەوبەر کاری دەرکردنی ئەو ئەنجامەیە.

```
int main()
{
int n=2343441;int digit=4;
int count=0;
while(n>0)
{if(n%10==digit)
count=count++;
n=n/10;
}
cout<<count;
}
```

```
c:\Documents and Settings\abd
3
```

هەندی ژمارەشمان هەیە کە دەتوانرێت لە هەردوو لاوە بخوێنرێتەوە بێ ئەوەی هەڵە بێت وەك 123321 یا خود وەك ووشەی "شیش" !. ئەم کۆدەی خوارەوە کاری ئەوە دەکات کە هەر ئێنتیجەرێك ئەم سیفەتەی هەبێت پێمان دەڵێت و ئەگەر نا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ژمارەی دیاری کراو ئەم سیفەتەی نییە!.

```
int main()
{
int n=1234321;int digit[100];
bool flag=1;int i=0;
while(n>0)
{digit[i]=n%10;
i=i+1;
n=n/10;
}
for (int j=0;j<=i/2;j++)
{
if(digit[i-1-j]!=digit[j])
{flag=0;break;}
}
if (flag==1)
cout<<"the no. could read from 2sides";
else
cout<<"couldnot";
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbsait\My Docu
the no. could read from 2sides
```

# ئاگاتان لە بەکتریای سەر کیبۆردەکانتان بێت!



■ کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەمان ئەو پارچەیەیە کە بە بەردەوامی پەنجەکانمان بەسەریدا دەهێنین و کاری سەرەکی کۆمپیوتەرەکەمان بۆ دەکات کە نووسینە لەناو کۆمپیوتەرەکەمان. هەر بۆیە رەنگە رێگەیەکی ئاسان بێت بۆ گواستنەوەی نەخۆشی و بوونی بەکتریا لەسەری بەتایبەت ئەو کۆمپیوتەرانەی لە کۆمپانیاو دائیرەکانی حکومی کاری پێ دەکەن و زیاتر لە یەك کەس لەسەری کار دەکەن.

گروپی ویتش کە لە لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا رایگەیاند لە ئەنجامی چەند تاقی کردنەوەیەك کە لە نوسینگەکەی ئەوان کراوە لەسەر ئەو کیبۆردانەی کە لەوێدا بەکاردێت و زیاتر لە چەند کەسێك بەکاریان دەهێنن چەند جۆرێك بەکتریان لەسەریان دۆزراوەتەوە کە دەبنە هۆی زۆر نەخۆشی ترسناك و زیان بەخش بۆ تەندروستی مرۆڤ.

دوای ئەوەی تاقیکردنەوەییان لەسەر 33 کیبۆردی تر کراوەو دەرکەوتوە ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لەسەر ئەو کیبۆردانە هەبووە زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەو بەکتریایانەی کە لە ئاودەستخانەدا هەیە، لەلایەکی ترەوە دکتۆر بیتر ویلسون ئەوەی رون کردۆتەوە کە زۆر سەری سورماوە لە پیسێتی ئەو کیبۆردانە کە رۆژانە بەکاریان دەهێنین.

لەلایەکی ترەوە لە بی بی سی بڵاو کراوەتەوە کە ئەو کیبۆردانەی کە زیاتر لە یەك کەس بەکاری دەهێنن زۆر لە بارە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی. لایەنە تەندرووستیەکان ئەوەیان رونکردەوە زۆرجار لە ئەنجامی دەست نەشوشتن و گوێ نەدان بە بواری تەندروستی و دوایش بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو شت نوسین بە کیبۆرد دەبێتە هۆی زیادبوون و هەبونی بەکتریای زۆر لەسەر دوگمەکانی کیبۆردەکان.

زانکۆی ئەریزۆنای ئەمریکیش ئەوەی روون کردۆتەوە کە ژمارەی ئەو بەکتریایانەی کە لەسەر هەندێك کیبۆرد هەبووە 400 ئەوەندە زیاتر بووە لە ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لەسەر شوێنی دانیشتنی ئاودەست هەیە.

هەر بۆیە چەنێك ئاگامان لە کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەمان بێت ئەوەندە باشترەو بە دەستی پیس و لەپاڵ کۆمپیوتەر نان نەخۆین ئەوە کەمتر توشی ئەو نەخۆشیانە جەبین کە بە هۆی کیبۆردەوە لە نێوان بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بڵاو دەبنەوە.

# دروستکردنی پرۆگرامێك بۆ کۆکردنەوەی فۆنتە کوردییەکان بە پشت بەستن بە پرۆگرامی وین راڕ WinRAR

هەردەوان نەقشبەندی

■ پرۆگرامی وین راڕ WinRAR یەکێکە لە پرۆگرامە باش و بەکەڵکەکان کە زۆربەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر ئاشنان بەم پرۆگرامە، هەر کە باسی ئەم پرۆگرامە دەکرێ یەکسەر دەزانین کاری سەرەکی ئەم پرۆگرامە پەستین و بچوکردنەوەی فایلەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆگرامە زۆر کاری تری باش و بەکەڵکی پێ ئەنجام دەدرێ کە زۆربەمان تا ئێستا لەو کارانەی تری بێ ئاگاین و شارەزایی ئەوتۆمان نییە لەسەریان. یەکێك لەو کارانەی کە بە پرۆگرامی وین راڕ ئەنجام دەدرێت دروستکردنی فایلی جۆری (exe)ە کە بۆ ئینستۆڵ و دامەزراندن بەکاردێت لەناو سیستمی ویندۆز.

بۆ ئەم مەبەستەش من بەباشمزانی لەم بابەتەدا ئەوەرون بکەمەوە چۆن بتوانین بەهۆی وین راڕ-WinRAR فایلێکی ئینستۆڵەیشن دروست بکەین بۆ هەموو فۆنتەکوردییەکان لەگەڵ دانانی لۆگۆ و وێنەی تایبەت بەخۆمان.

سەرەتا بەر لەوەی دەست بەکارەکانمان بکەیت دەبێت چەند هەنگاوێك ئەنجام بدەین:


1. کۆکردنەوەی هەموو فۆنتە کوردییەکان و دانانی لەناو فۆڵدەرێك.

2. ئامادەکردنی دوو وێنە یەکێکیان وەکو ئایکۆنێك بۆ پرۆگرامەکەت دایدەنێت کە دەبێت فایلی وێنەکە لەجۆری (ico) و ئەویتر وەکو لۆگۆیەك لەکاتی سێتاپ کردنی پرۆگرامەکەت دەردەکەوێت کەدەبێت فایلی وێنەکە لەجۆری (bmp) بێت و قەبارەکەشی بە گوێرەی پێویست بێت. کە ئەم کارانەش لەهەموو پرۆگرامەکانی دەستکاری کردنی وێنە و گرافێك زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدرێت لە رێگەی فرمانی (Save as)ەوە، وابزانم کردارەکان زۆر ساناو ئاسانن و پێویست بە رونکردنەوە ناکات .

3. بوونی پرۆگرامی WinRAR لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان.

ئێستا بۆ ئەنجامدانی کارەکەمان ئەم هەنگاوانە دەگرینە بەر:

بەر لەهەموو شتێك دەبێت پرۆگرامی WinRAR لەناو کۆمپیوتەرەکەمان ئینستۆڵ کرابێت، پاشان ئەو فۆڵدەرەی کە هەموو فۆنتەکوردییەکانمان لەناو دانابوو، دەیکەینەوە و هەموو فۆنتەکان سەلێکت دەکەین و کلیکی لای راست دەکەین، لیستێك دەکرێتەوە لەناو لیستەکە کلیك لەسەر (Add to Archive) دەکەین وەك لەوێنەکەدا دیارە:




پاشان ویندۆیەکمان بۆ دەکرێتەوە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، کلیك دەکەین لەسەر (Crate SFX archive) بۆ دانانی سەحێك لەبەرامبەری وەك لەوێنەکەدا دیارە.




پاشان لەسەرەوە کلیك لەسەر بەشی دووەم دەکەین کەنووسراوە (Advanced) و دواتریش کلیك لەسەر (SFX option) دەکەین.




لێرەدا چەند هەڵبژاردنێك هەیە بەمشێوەیە پریان دەکەینەوە، لەبەشی یەکەم کەنوسراوە (General)، لە بۆشاییەکەدا ئەو شوێنە دیاری دەکەین کە دەمانەوێ فایلەکە بچێتە ئەوێ ئێمە لێرەدا بەمجۆرە دەستنیشانمان کردووە C:windows\fonts چونکە فۆنتەکان هەمووی دەچێتە




فۆڵدەرێکەوە بەناوی (Fonts) لەناو فۆڵدەری (Windows).

پاشان کلیك لەسەر بەشی چوارەم دەکەین کەنووسراوە (Text and icon) و لەبۆشایەکەی یەکەم ناونیشانێك بۆ ویندۆی پرۆگرامەکەت دەنووسیت و پاشان لە بۆشاییە گەورەکە دەتوانی رونکردنەوەیەك بۆ پرۆگرامەکەت بنووسی، دواتر لەخوارەوە لە براوسی یەکەم لۆگۆیەك هەڵدەبژێریت بۆ پرۆگرامەکەت کە دەبێت پێشتر ئامادەت کردبێت و فایلەکەشی دەبێت لەجۆری (bmp) بێت. پاشان لە براوسی دووەم ئایکۆنێك بۆ کارەکەت هەڵدەبژێریت کە ئەمیش بەهەمان شێوە دەبێت پێشتر ئامادەت کردبێت و فایلەکەش دەبێت لەجۆری (ico) بێت. و دواتر کلیك لەسەر ئۆکەی دەکەیت و پاش کەمێك چاوەروانی دەبینین کارەکەمان بەسەرکەوتووی کۆتایی پێهات و بەمشێوەیە پرۆگرامەکە





ئامادە دەبێت.

ئێستا ئەگەر سەرنج بدەین ئایکۆنی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت




بەدوو کلیك لەسەری پرۆسەی ئینستۆڵ کردن دەست پێدەکات.





هەڵبەتە دەتوانی بۆ زۆر کاریتر هەمان رێگا بەکاربهێنی بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام بەشێوازی ئینستۆڵەیشن.

# زیادکردنی نیشاندانی ئیمەیڵە هاتووەکان لە لاپەڕەیەکدا

■ لە کاتی کردنەوەی ئیمەیڵی یاهوو و چوونە ناو لاپەڕەی نامە هاتووەکان (Inbox) نزیکەی 20-25 نامەی هاتوو دەبینین، کەوا بریتین لەو دوایین نامانەی بۆمان هاتوون، بەڵام پیشاندانی ئەم برە نامانە لە یەك لاپەڕەدا لەوانەیە بۆ هەندێك بەکارهێنەر کەم بێت و ئارەزوو بکات ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە نامە هاتووەکان لە یەك لاپەڕەدا ببینێت، بۆیە دەتوانین ئەم ڕێژەیە زیاد بکەین بۆ 50 یان 100 یان 200 نامە بەپێی ئارەزوو و ویستی بەکارهێنەرەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرینەبەر:


سەرەتا سایتی یاهوو دەکەینەوە و پاشان دەچینە سەر مەیل و ئای دی و پاسۆردەکەمان دەنووسین و ئیمەیڵەکەمان دەکەینەوە، دوای کردنەوی ئیمەیڵەکەمان، لەبەشی سەرەوە و لای ڕاستی کلیك لەسەر Option دەکەین و لاپەڕەی Mail Option دەکرێتەوە، وەك لە وێنەکەدا دیارە:






دواتر لە لاپەڕەی Mail Option کلیك لەسەر General Preferences دەکەین، وەك لە وێنەکەدا دیارە.

پاش کردنەوی لاپەڕەی General Preferences و لە بەشی Folders/ Search Results کلیك لەسەرئەو هەڵبژاردنە ئەکەین کە بەرامبەر Messages/results per page پاشان ئەو ژمارەیەی کە دەمانەوێت، دەست نیشانی دەکەین، ژمارەکانیش بەم شێوەیەن: (10-25-50-100-200) بۆ نمونە ئێمە ژمارەی 200 هەڵدەبژێرین، پاشان لەسەرەوە یان لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا کلیك لەسەر Save دەکەین. وەك لەوێنەکە نیشاندراوە.



ئێستا ئەگەر بچینەوە سەر لاپەڕەی Mail Inbox دەبینین ژمارەی نامە هاتووەکانی پیشاندراو لەسەر لاپەڕەکەدا بۆتە (200) نامە، وەکو لە وێنەکەدا نیشاندراوە.



✍ محەممەد مێرگەیی
muhamada4@yahoo.com



ماوەتەوە بڵێم دەتوانین ئەم کردارە (لەگەڵ هەندێك جیاوازی بچوکدا) بە هەمان شێوە لە ئیمەیڵی کۆمپانیاکانی تری وەکو هۆتمەیل و جیمەیل ئەنجام بدەین.

سەرچاوە/ گۆڤاری (زیروون) ژمارە (12) ساڵی 2006




# نوکتە تەکنەلۆژیەکان!!!

■ تەکنەلۆژیای زانیاریەکان بەگشتی و ئینتەرنێت بەتایبەتی هەرچەندە تارادەیەك شتێکی نوێیە لەناو ئێمەدا، بەڵام هەریەکەمان چەندین روداو و بەسەرهاتی سەیرمان لەگەڵی هەیە، هەندێك لەوانە بەسەرهاتی خەندە ئامێزو پێکەنیناوی و خۆشن کە کەسانێك ویستویانە وا خۆیان دەربخەن زۆر شارەزان کەچی کەوتوونەتە جۆرێك لە هەڵە لەم بوارەدا، وەك ئەوەی رۆژێك برادەرێك هەر لەگەڵ بینیمی وتی کاکە ئیتر لەمەودوا ئیمەیڵ بۆ ئێمەش بنێرە ئەوە ئیمەیڵەکەم و ئەوەش پاسۆردەکەمە!!!، یان ئەو برادەرەی تر کە وتی ئەرێ ئەوە ئێستا کۆمپیوتەر بە چەندە وتم ئاخر چ جۆرە کۆمپیوتەرێك، یەکسەر خێرا و زۆر بە متمانەوە وەڵامی دامەوە و وتی کۆمپیوتەری ئێکس پی.

برادەرێکیش بۆی گێڕامەوە وتی رۆژێك بەڕێوەبەرەکەم داوای لێکردم ئیمەیڵێکی بۆ دروست بکەم، منیش کاتێکم دۆزیەوە و لە یەکێك لە کۆمپیوتەرەکان خەریك بووم ئیمەیڵەکەی بۆ دروست بکەم، کەچی هەر زوو بەڕێوەبەر هەڵیدایە و وتی کاکە من لەم کۆمپیوتەرە نامەوێ ئیمەیڵەکەم لە کۆمپیوتەری ژورەکەی خۆم بۆ دروست بکە بۆ ئەوەی بتوانم هەموو جارێك لەوێوە بیکەمەوە.

لە هەموو ئەمانە خۆشتر ئەو کوڕە بوو کە لەکاتی چاوثیکەوتندا بۆ وەرگرتنی لە یەکێك لە ڕێکخراوەکان پرسیاری ئەوەی لێدەکەن شارەزاییت لە کۆمپیوتەر چۆنە دەڵێت، زۆر، دەڵێن چ بەرنامەیەك بە باشی دەزانی، دەڵێ بەرنامەی (چات!)، ئەوانیش نایکەنە نامەردی دەینرێنەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بۆخۆی هەر خەریکی چاتکردن بێت.

ئەمە ئەگەر باس لەو کەسانە بێت کە شارەزاییەکی کەمیان لەو بوارەدا هەیە بەڵام خۆ زۆر کەسمان هەیە کە نووسین و کتێبیشی هەیە لەم بوارەدا و کەچی تا ئێستاش لە بری ئینتەرنێت هەر ئەنتەرنێت بەکار دەهێنێ.

ئەم نمونانە و چەندانی تریش کە لای هەریەکێکمان کۆبوونەتەوە، جێگای تێڕامان و لەسەر وەستانن. جێگای ئەوەیە هەرگیز کەسمان وا لەخۆمان نەبینین کە گەیشتووینەتە راددەیەك ئیدی پێویستیمان بە زانیاری و فێربوونی زیاتر لەم زانستە نییە. و هەمیشە لەم بوارەدا بەکەم رازی نەبین، چونکە هەر چەند بزانین هێشتا ئەوەی کە نایزانین زۆر زیاترە لەوەی دەیزانین.

خاڵێکی تریش کەلێرەدا جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی پەروەردگار لەم بوارەدا توانایەکی پێبەخشیون کەمتەرخەمی نەکەن و بیگەیەنن بە دەوروبەریان.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ئەو کەسانەی کە سەرەتای کاریانە لەم بوارەدا دەبێت پەلە نەکەن، هەروەك دەبێت نەترسن و بەردەوام لە هەوڵی بەرەوپێشچووندا بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بە پەلە بن و هەر زوو خۆیان وەك خەبیرێك یان وەك کابرا وتی وەك خوبەرا خۆیان دەرخەن، چونکە ئەمە یان نانبڕاویان دەکات یان پاسۆردی ئیمەیڵەکانیان کەشف دەکات و دوایی بە ئاسانیش دەستیان ناکەوێتەوە.


qaradakhi@gmail .com

# چۆن My Computer بکەین بە یەکەم ئایکۆنی سەر دیسک تۆپ؟


✍ شۆڕش محمد امین عوسمان
قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمپیوتەر
shoresh_m2005@yahoo.com

■ زۆریەك لە بەکارهێنەران دەیانەوێت یان وا بەجوانتری دەزانن کە یەکەمین ئایکۆنی سەر دیسك تۆپ My computer بێت. کە لە بنەڕەتدا یەکەم ئایکۆن My Documentـە نەك مای کۆمپیوتەر، جا بۆ ئەوەی مای کۆمپیوتەر بکەین بە یەکەم ئایکۆن لەسەر دیسك تۆپەکەمان ئەوە ئەو هەنگاوانە دەگرینە بەر :

سەرەتا کلیك لەسەرStart دەکەین و پاشان لەناو لیستی ستارت لەسەر Run کلیك دەکەین و دواتر لەناو Run دا دەنووسین Regedit پاشان لەسەر ok کلیك دەکەین بۆ چونە ناو ویندۆی Registry Editor وەك وێنەی ژمارە1,



پاشان کە پەنجەرەی Registry Editor کرایەوە بەدوای یەکتردا ئەو ڕێڕەوە دەگرینە بە، تا دەگەین بەم ئەنجامە
HKEY-CLASSES-ROOT\CLSID\{450D8FBA-AD25-11DO-98A8-0800361B1103}
وێنەی ژمارە 2 .



دواتر لە لای ڕاستی ئەوپەنجەرەیەی کە کراوەتەوە لە سەر SortOrderIndex دووجار کلیك دەکەین پەنجەرەیەکی بچوکمان بۆ دەبێتەوە (وینەی ژمارە 3).



لە وێدا value dat کە نرخەکەی(48) ە دەیگۆڕین بە (54) و دواتر لە سەر ok کلیك دەکەین و پەنجەرەی ڕێجیستری قەبات دەکەین . ئێستا لە سەر Desktop ڕاست کلیك بکە وRefresh ێك بکە، دەبینی کە My Computer دەبێت بە یەکەم ئایکۆن (Icon) .



# چۆن وا بکەین کەسێک نەتوانێت ئیمەیڵمان بۆ بنێرێت

■ زۆرجار کە ئیمەیڵەکەمان دەکەینەوە سەیر دەکەین زیاتر لە بیست ئیمەیڵمان بۆ هاتووە، بەڵام سەیری ناوەرۆکی ئیمەیڵەکان دەکەین رەنگە یەکێك یان دوانیان لەلایەن کەسێکی ناسراوی خۆمانەوە نێردرابێت. ئیتر ئەوانی تر هەمووی نەناسراون و بریتین لە ریکلامکردن و زۆرجاریش بە کردنەوەیان توشی ڤایرۆس و ترۆجان دەبین و دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمپیوتەرەکەمان.

یاخود زۆر جار کەسێك ئیمەیڵت بۆ دەنێریت بە ناونیشانێکی دیاریکراوو تۆ حەز ناکەیت ئەو کەسە ئیمەیڵت بۆ بنێرێت، ئەوکات چۆن دەتوانیت وا بکەیت ئیمەیڵت لەو کەسەوە بۆ نەیت یاخود ئەو ئیمەیڵانەی وەکو ریکلام کردن دیت بۆ ناو بۆکسی ئیمەیڵەکەت بلۆکیان بکەیت و نەهێلیت جاریکی تر ئیمەیڵت بۆ بێتەوە.

ئێمە ئەم کارە لە ناو ئیمەیڵی یاهوو دەکەین و بزانین چۆن دەتوانین وابکەین ئەو ناونیشانی ئیمەیلانەی بیزارمان دەکات بلۆکیان بکەین و نەهێڵین جارێکی تر ئیمەیڵمان بۆ بنێرن.

سەرەتا ئیمەیڵەکەت لە یاهوو



بکەرەوەو ئەوکات بچۆرە سەر Options لەلای سەرەوەی دەستە ڕاست. وەکو لە وێنەی پێشوو دیارە:

دوای ئەوەی کلیکت کرد ئەوە بەشێکت بۆ دەکرێتەوە کە تایبەتە بە گۆڕانکاری ورد لە ناو تایبەتمەندی ئیمەیڵەکەت. ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەنجامی کلیك کردنەکەتە لەسەر Options :



لەم روکارەی کە دەرکەوتوە زۆر تایبەتمەندی هەیە کە دەتوانیت لە ناو ئیمەیڵەکەتدا گۆڕانی تێدا بکەیت بەڵام ئەوەی ئێمە گرنگە بەلامانەوە چۆنیەتی بلۆك کردنی ئەو ئیمەیلانەی کە بێزارمان دەکات. لە وێنەکەدا نیشانەمان بۆ Block Addresses کردووە ئەو شوێنە کلیك بکە. دوای کلیك کردن لەسەری ئەم رۆوکارەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:



لەم وێنەیەی سەرەوە کاری سەرەکی دەکەین و لە ژمارە یەك کە نیشانەی بۆ کێشاوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چەندە ئیمەڵی خەڵکانمان بلۆك کردوەو چەندیشمان ماوە. واتە ئەگەر سەیری بکەیت من 100 ئیمەیڵم تا ئێستا بلۆك کردوە بۆ ئەوەی ئیمەیڵم بۆ نەنێرن و خۆشی 500 ئەدرێس دەتوانیت بلۆك بکەیت. واتە هێشتا دەتوانین 400 ئەدرێسی ئیمەیڵی تر بلۆك بکەین.

لە ژمارە 2 دا ئیمەیڵی ئەو کەسە دەنوسیت کە بێزاری کردویت و ئەوکات کلیك لەسەر Add Block بکە و ئیمەڵەکە بلۆك دەکات و ئیتر ناتوانێت ئیمەیڵت بۆ بنێرێت. و ژمارە 3 ئەو ئیمەیلانە دەردەخات کە تا ئەو کاتە بلۆکت کردون. لە خوار ئەو بۆکسەشەوە نوسراوە Remove Block ئەوە دەتوانیت دەستیشانی ئەو ئیمەیلە بکەیت کە بتەوێت بلۆکەکەی نەهێڵیت و ئەوکات دەتوانێت ئیمەیڵت بۆ بنێرێتەوە.

بەم شێوەیە رزگارمان دەبێت لەو کەسانەی کە بە ئیمەیڵ بێزارمان دەکەن و جارێکی تر ناتوانن ئیمەیڵمان بۆ بنێرنەوە.

# شاردنەوەی درایڤەکانی کۆمپیوتەر بێ بەکارهێنانی بەرنامە

✍ ئەندام عومەر
akambazaz@yahoo.com

■ وابزانم هەموومان ئارەزووی ئەوە دەکەین کەدرایڤەکانی ناوکۆمپیوتەرەکەمان قوفڵ بکەین بۆئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێ سەیریان بکات، من لێرەدا ڕێگایەکی زۆرئاسان بەئێوە ئاشنا دەکەم بۆ ئەوەی درایڤەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت قوفڵ بکەیت،.


سەرەتا بچۆرە سەر لیستی START، پاشان بچۆ لە RUN دابنووسە gpedit.msc پاشان ئۆکەی بکە و پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە.

سەرەتا وەك لە وێنەکەدا دیارە بچۆرە سەر Userconfiguration، پاشان لەدەستە ڕاست دیارە بچۆرە سەر Administrative Templates دواتر هەر لەدەستە






ڕاست کلیك لەسەر windows components بکە. ئینجا کلیك لەسەر Windows Explore بکە ویندۆیەکت بۆ دەبێتەوە بچۆ سەر دەیەم دانە کە نووسراوە Hidethesespecified drives my computer



دوو کلیك بکە ویندۆیەك دەکرێتەوە، بڕۆ سەر دووەم دانە کە نووسراوە Enablied، پاشان



درایڤەکە دیاری بکە پاشان ئۆکەی بکە، دەبینین ئێستا درایڤەکەمان قوفڵ دراوە، دواتر بۆلابردنی قوفڵەکە هەمان هەنگاو دووبارە بکەوە تەنها لەهەنگاوی کۆتایی Enablied بۆ not configured.

www.c4kurd.com

# چۆنییەتی گۆڕینی (AM)و (PM)ی کاتژمێری سەر تاسکبار بۆ (بەیانی) و (ئێوارە)

باوکی باوەڕ

ئێمەی بەکارهێنەری کورد بەردەوام خەو بەو ڕۆژەوە دەبینین کە بتوانین ڕۆژێك لەڕۆژان هەموو پرۆگرام و سیستمی کۆمپیوتەرەکانمان بە زمانی شیرینی کوردی بێت وەکو وڵاتانی تر، چونکە کاتێك پرۆگرامێك لەناو سیستمی کۆمپیوتەرەکەمان بەزمانی کوردی دەبینین جۆرە چێژێکی تایبەتی هەیە بۆ ئێمەی کورد زمان، جگە لەوەش بەردەوام ئێمەی بەکارهێنەری کورد خەو بەوەوە دەبینین کە ڕۆژگارێك بێتە پێشەوە کە کۆمپیوتەرەکانمان خستەکار ببینین هەموو پرۆگرام و بەرنامە و سیستمی کومپیوتەرەکانمان بە زمانی شیرینی کوردی بێت.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا باسی چۆنییەتی گۆڕینی کاتژمێری سەر تاسکبار بۆ سەر زمانی کوردی، وەك دەزانین سیستمی کات لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات (12) کاتژمێرییە واتە سیستمی کاتی بەیانیان و ئێواران کە لەزمانی ئینگلیزی بە (AM) و (PM) دیاری دەکرێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیش بە (ص) و (م) دیاری دەکرێت. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین ئەوەیە، لەبری ئەوەی کاتژمێری سەر تاسکبارەکە بنووسێت (ص) یان (AM) بنووسرێت (بەیانی)، هەروەها لەبری ئەوەی بنووسرێت (م) یان(PM) بنووسرێت (ئێوارە)، وەك لە وێنەکەدا دیارە.




بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدە، بەر لەهەموو شتێك دەبێت کیبۆردی سی فۆر کورد لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دانرابێت بۆ ئەوەی بتوانی بەسیستمی یونیکۆد بنووسیت، ئەگەر ئەو کیبۆردەت نییە دەتوانی لەسایتی سی فۆرکورد بەخۆڕایی دایبگریت لەڕێی ئەم لینکەوە www.c4kurd.com/c4kurd1. zip، جگە لەوەش هەر لەناو سایتی سی فۆر کورد ڕونکردنەوەی تەواو هەیە لەسەر چۆنیەتی ئینستۆڵ کردن و زیادکردنی ئەو کیبۆردە لەم لینکە www.c4kurd.com/ menuwr.php?Lapara=2

کلیك لەسەر (Start) بکە و پاشان لەناو لیستی ستارت کلیك لەسەر (Con-trol panel) بکە، دواتر لەناو کۆنترۆڵ پەناڵ دوو کلیك لەسەر (Regional and language Option) بکە وەکو لەوێنەکەدا دیارە.




پاش کردنەوەی (Regional and language Option)، دەبینین لەچەند بەشێك پێکهاتووە ، ئێمە کلیك لەسەر ئەو بەشە دەکەین کەنووسراوە (Time)، پاشان لەناو ئەو بۆشاییەی بەرامبەر (AM symbol) بەکیبۆردی یونیکۆد بنووسە (بەیانی)، هەروەها لەبەرامبەر ئەو بۆشاییەی (PM symbol) بەکیبۆردی یونیکۆد بنووسە (ئێوارە)، پاشان کلیك لەسەر ئۆکەی بکە، ئێستا دەبینین وشەی بەیانی و ئێوارە لەبری (AM)و (PM) لەسەر تاسکبار دەردەکەوێت.







کەسمان نییە ئاشنا نەبین بە پرۆگرامی میدیاپلەیەر_Media Player کە پرۆگرامێکە لەناو هەموو ویندۆزێك هەیە و پێویستی بە سێتاپکردن نییە، بەڵام نهێنییەك لە پرۆگرامی میدیاپلەیەر هەیە لەوانەیە تا ئێستا زۆربەمان پەییمان بەو نهێنیە نەبردبێت کە دەکرێت بە Media Player وێنە بگرین لەفایلە ڤیدیۆییەکان، واتا Capture. ئەم کارە زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدرێت لەناو پرۆگرامی میدیاپلەیەر، سەرەتا فایلێکی ڤیدیۆیی بەویستی خۆت بە Media Player بکەنەوە و پشان دوگمەی (ctrl) و (i) لەسەر کیبۆردەکەت پێکەوە دابگرە و دواتر شوێنی سەیڤکردنی فایلەکەت هەڵبژێرە و وێنەکە سەیڤ بکە، بەم کردارەش توانیمان زۆر بەئاسانی لەڕێگەی پرۆگرامی میدیاپلەیەرە وێنە بگرین لە فایلە ڤیدیۆییەکان.

# چۆنیەتی دانان و لابردنی وشەی نهێنی (Password) بۆ کۆمپوتەرەکەت




سۆران عەلی پیرۆت
soranpro@yahoo.com

زۆرێك لەئێمە پیمان خۆشە هیچ کەسێکی تر جگە لەخۆمان نەچێتەناو کۆمپیوتەرەکەمان لە بەر هەرهۆیەك بێت، بۆیە واباشە وشەی نهێنی تایبەت بەخۆمانی بۆ دابنێین، لەهەمان کاتیشدا ئێمە ئەگەر ووشە نهێنییەکەمان لەبیرکرد دەمانەوێکی بە ڕێگی زۆر ئاسان و خێرا وشەکە لابەرین، بۆیە لێرەدا دەمەوێت چۆنیەتی دانانی ووشەی نهێنی ولابردنی لە کاتی لەبیرکردندا باس بکەم.

سەرەتا بچۆرە سەر Start دواتر Control panel هەڵبژێرە دواتر User accounts هەڵبژێرە و چاوەڕێ بکە.. پەنجەرەیەك دەبێتەوە لەبەشی Pick a task دەتوانیت گۆڕانکاری لە بەشە کۆمپیوتەرەکانتدا بکەیت، بۆنمونە دانانی ووشەی نهێنی و گۆڕینی وێنەکەی یان بەشێکی تر لە کۆمپیوتەرەکەت زیاد بکەیت، یاخود بڵێین کۆمپیوتەرێکی سەربەخۆی تر بکەیتەوە، لەبەشی a pick an account to change دا دووبەشە کۆمپیوتەر هەیە کە یەکەمیان ئەو کۆمپیوتەرەیە کەخۆت کاری تێدادەکەیت، دووەمیان Guest کە کۆمپیوتەری ویندۆزەکەیە لەکاتی لەبیرکردنی ووشەی نهێنی یارمەتی دەرە. بەڵام، مەرج نیە دووبەشە کۆمپیوتەربێت چونکە تۆ دەتوانیت چەند دانەیەکی تری لێ زیاد بکەیت. بڕوانە وێنەی ژمارە (1)




ئینجا کلیکێکی چەپ لەسەر بەشەکۆمپیوتەری یەکەمیان بکە کە خۆت کاری تێدادەکەیت دەبینیت پەنجەرەیەك دەبێتەوە و لەبەشی Change my name دا ناوی بەشە کۆمپیوتەرەکەت دەگۆڕی و لەبەشی Create a password دا ووشەی نهێنی دادەنێیت. بەڵام، کە ووشەی نهێنیت دانابوو و بتەوێت بیگۆڕیت لەو کاتدا ئەم بەشە دەبێت بە Change my password کە بەکاردێت بۆ گۆڕینی ووشەی نهێنی. بڕوانە وێنەی ژمارە (2):




کلیکێکی چەپی لەسەر Change my password بکە و دواتر سێ بۆشایی دەردەکەوێت لەیەکەمیان ووشە نهێنیەکەت بنوسە و دواتر لە بۆشایی دووەم دووبارە ووشە نهێنیەکەت بنوسە، بەڵام، لە بۆشایی سێیەم پێویستە ووشەکەت نەنوسی چونکە لە کاتی داگیرسانی کۆمپیوتەرەکەت ووشە نهێنیەکەت ئاشکرا دەکات، واباشە ووشە نهێنیەکەت لە پێنج پیت کەمتر نەبێت، بەڵام، کاتی تۆ ووشەی نهێنیت بۆ کۆمپیوتەرەکەت دانابێت ئارەزوو بکەیت بیگۆڕیت ئەوا چوار خانە داوادەکات یەکەمیان ووشە کۆنەکەت دەنوسیت و ئەوانی تر وەکو هەنگاوەکانی پێشووتر جێ بەجێ دەکەیت،ئینجا Change password دەکەین. بڕوانە وێنەی ژمارە (3)




کاتێکیش کە تۆ ووشەی نهێنیت دانا بۆ کۆمپیوتەرەکەت بەشێکی تر زیاد دەبێت بەناوی Remove my password کە دەتوانیت بەهۆی ئەمەوە ووشەی نهێنی لابەریت بەمەجێك ووشەکەت لەبیرنەکردبێت چونکە داوای ووشەی نهێنیت لێ دەکات. بڕوانە وێنەی ژمارە (4):




لەبەشی Change my picture دەتوانی وێنەی بەشە کۆمپیوتەرەکەت بگۆڕی .

لیرەدا دێینە سەر لابردنی ووشەی نهێنی کاتێك تۆ ووشە نهێنیەکە لەبیر دەکەیت :

سێ ڕێگا هەیە بۆ لابردنی ووشەی نهێنی کاتێك تۆ ووشەکەت لەبیر کردبێت :-

ڕێگەی یەکەم/ کاتێك کۆمپیوتەرەکەت دا دەگیرسێنی دوای نیشاندانی شاشەی Windows XP ئەو شوێنە دەبێتەوە کەداوات لێ دەکات ووشەی نهێنیەکەی لێ بنوسیت، بەڵام تۆ ووشە نهێنیەکە لە بیرکردووە لەو کاتەدا بەیەوە دەست بنێ بە دووگمەی ( Ctrl و Alt ) دەستت هەڵمەگرە تاکو دووجا لەسەر یەك دەست دەنێیت بە دووگمەی (Delete ). بڕوانە وێنەی ژمارە (5)




لەو کاتەدا پەنجەرەیەك دەبێتەوە کە دوو بۆشایی تێدایە لە بەشی User name کە بۆشایی یەکەمیانە بنوسە ((Administrator)) بەڵام لە بەشی Password کە بۆشایی دووەمیانە هیچ ووشەیەك مەنووسە و بە بۆشی بەجێ بهێڵە دواتر OK دابگرە . چاوەڕێ بکە.. پاش ماوەیەك ئەو بەشەکۆمپیوتەرە دەبێتەوە،کە پێشتر باسمانکرد بەناوی Guest بەهەمان شێوەی کەپێشتر باسمان کرد بچۆرە سەر Start دواتر Control panel هەڵبژێرە دواتر User accounts هەڵبژێرە ئینجا کلیکێکی چەپ لەسەر ئەو بەشە کۆمپوتەرە بکە کەدەتەوێت ووشەی نهێنی لابەریت دواتر Remove my password بکە. بەڵام، لێرەدا داوای ووشەی نهێنیە کۆنەکەمان لێناکات واتا ئەو ووشەیەی کە لەبیرت کردووە .

ڕێگەی دووەم/ کاتێك کۆمپیوتەرەکەت دا دەگیرسێنی پێش نیشاندانی شاشەی Windows XP دەست بنێ بە دووگمەی F8 بۆ ماوەیەك دەستت هەڵ مەگرە، دواتر چەند نوسراوێکی ویندۆز دەبێتەوە تۆ بچۆرە سەر یەکەمینیان کە نوسراوە Safe mode و ئینتەرێك بکە،دواتر پاش چەند چرکەیەك چەند نوسینێکی درێژی فایلی ویندۆز دەبێتەوە تۆ لێرەدا چاوەڕێ بکە.. پاش ماوەیەك ئەو بەشەکۆمپیوتەرە دەبێتەوە کە پێشتر باسمان کرد بەناوی Guest بەهەمان شێوەی کەپێشتر باسمانکرد بچۆرە سەر Start دواتر Control panel هەڵبژێرە دواتر User accounts هەڵبژێرە ئینجا کلیکێکی چەپ لەسەر ئەو بەشە کۆمپوتەرە بکە کەدەتەوێت ووشەی نهێنی لابەریت دواتر Remove my password بکە بەڵام لێرەدا داوای ووشەی نهێنیە کۆنەکەمان لێناکات واتا ئەو ووشەیەی کە لەبیرت کردووە . لەکۆتایدا کە هەریەك لەم ڕێگایانەت جێبەجێ کرد کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکە و دەبینیت داوای ووشە نهێنیەکەت لێ ناکات و ڕاستەوخۆ کۆمپیوتەرەکەت دەبێتەوە، دەتوانیت وەکو کەپێشتر باسمانکرد ووشەیەکی نوێتر دابنێیت.

تێبینی/ کاتێك تۆ ووشەی نهێنی دادەنێیت پێویستە ڕەچاوی ئەوەبکەی کە پیتەکانت بە ئینگلیزی کەپیتەڵە یان سمۆڵە یاخود عەرەبی نوسیوە، چونکە کێشەت بۆ دروست دەکات لە کاتی نوسینی ووشە نهێنیەکەت.



# پرسیار و وەڵام

**پرسیاری ڕێژوان نوری محمد: ئایا دەتوانرێت لە هاندی نۆکیادا ناوی شەبەکەکە لەسەر شاشەی مۆبایلەکەم لابەرم بۆ جوانتر بینینی ڕەسمی سەر شاشە؟**

وەڵام: بەڕێز ڕێژوان بە بۆچوونی ئێمە ئەو کارە زیاتر لە هاندەکانی سامسۆنگ ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا نەمبیستووە کە لە هیچ جۆرە هاندێکی نۆکیا ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

**پرسیار: ئایا دەتوانرێت کیبۆردی دەرەکی وەك کیبۆردی کۆمپیوتەر بۆ مۆبایلەکان بەکاربهێنین بەهۆی بلوتوسەوە؟**

وەڵام: ڕێژوان پێش هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بە بەڕێزت بڵێم تا ئێستا هیچ کیبۆردێکی کۆمپیوتەرمان نییە لەڕێی بلوتووسەوە بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەست بکرێت، هەموو ئەو کیبۆردە وایەرلێسانەی کە ئێستا هەن لەڕێی تیشکی ژێروسور یان با بڵێن (IrDA)ەوە بە کۆمپیوتەر دەبەسترێنەوە نەك تەکنەلۆژیای بلوتوس، هەر بۆیە لەو بڕوایەدا نیم کە کیبۆردێك هەبێت لەڕێی بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەست بکرێت.

**پرسیار: ئایا تۆڕی یان مۆبایلی (ثورەیا) چ جیاوازییەکی لەگەڵ تۆڕەکانی تری مۆبایلدا هەیە؟، ئایا خەتەکەی سیم کارتە یان لەجۆری سیستمە؟ و خزمەتگوزارییەکانی ئەو تۆڕەچین کە دەیان گرێتەوە، ئایا دەتوانرێت ئەو خزمەتگوزاریانەی لەسەر بەکاربهێنرێت کە لەسەر تۆڕەکانی (GSM) و (3G)دا هەیە؟**

وەڵام: تۆڕی مۆبایلی ثورەیا سیستمێکی جیهانییەو هەموو پەیوەندییەکانی بەهۆی مانگە دەستکردەکانی تایبەت بە سیستمی ثورەیاوە ئەنجام دەدرێت و هەردوو تەکنۆلۆژیای پەیوەندی ئاسمانی و (GSM) بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و سنووری تۆڕە ناوخۆییەکانی بەزاندووەو دەتوانرێت لەهەر شوێنێکی ئەم زەوییە کە مانگە دەستکردەکانی ثورەیا ڕووپۆشی بکات پەیوەندییەکان ئەنجام بدرێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە پەیوەندی کردن بە مۆبایلی ثورەیا بۆ هادی ئاسایی ثورەیا دەبێت لەجێگایەك بێت کراوە بێت و بەربەست لەنێوان مانگە دەستکردەکانی ثورەیاو هاندەکە نەبێت یاخود بەهۆی ئەنتێنای تایبەتی ثورەیا بێت کە دەتوانرێت لەسەربان جێگیربکرێت، یاخود بەکارهێنانی هاندی ثورەیای جۆری Fixed Dock-ing Unit (FDU) کە دەتوانرێت لەناو ماڵ و باڵەخانەکانیش بەکاربهێنرێت. هەروەها دەتوانرێت ثورەیا وەکو GSM یش بەکاربهێنرێت و سوود لە تۆڕە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمپانیانە وەربگیرێت کە هاوبەشیان لەگەڵ کۆمپانیای ثورەیادا هەیە. هەروەها هێڵی ثورەیا سیم کارتە بەڵام بۆ هەموو هاندێك نابێت بەڵکو جۆرە هاندێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە کار بەو سیم کارتە دەکات، سەرەڕای ئەمانەش زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکانی (GSM) و (3G) لەناو سیستمی ثورەیا هەیە وەکو دەنگ و داتاو فاکس و کورتە نامەو دیاریی کردنی شوێنی جوگرافی (GPS)، بەڵام بەستایڵ و شێوازێکی تایبەت بەخۆی. بۆ زانیاری زیاتریش دەتوانیت سەردانی سایتی فەرمی کۆمپانیای ثورەیا بکەیت لە ژێر ئەم ناونشانەی خوارەوە:

www.thuraya.com


**پرسیاری:**

:<marewan l" <kurdish_boi@yahoo.com"

**چۆن دەتوانم لە پرۆگرامی ئێکسڵ ژمارە بەکوردی یان بە عەرەبی بنووسم؟**

وەڵام: ئەو کارە زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت لەپڕۆگرامی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ بە جیێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانە:

سەرەتا ژمارەکە بنووسە و پاشان ئەو خانە نیشان (سەلێکت) بکە کە ژمارەکەت تێدا نووسیوە پاشان کلیك لەسەر ئەو ئایلۆنە بکەو دووهەم دانە هەڵبژێرە کە نووسراوە (Right-to-left) وەکو لەم وێنە دیارە:



سی فۆر کورد
هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە
بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان
بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:
شێخ فاتح ئیبراهیم

جێگری سەرنوسەر:
هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

سەرنوسەر:
هێمن فاتح
مۆبایل: 07504562693 – 07702124447
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com



# ویندۆزی ئێکس پی و پرۆژەی هەر منداڵە و کۆمپیوتەرێک

دوای ئەو هەموو شکستە و نەتوانین بۆ سەرکەوتن لە پرۆژەی هەر منداڵەو کۆمپیوتەرێك کە ماوەیەکی زۆرە باسی لێوە دەکرێت و دەیانەوێت هەر منداڵەو کۆمپیوتەرێکی بۆ دابین بکرێت بە نرخی 100 دۆلار. بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو پرۆژەیە وەکو پێویست پەرەی پێ بدرێت و چەند کۆمپیوتەرێك دروستکران بەڵام نرخەکەی نزیکەی 300 دۆلار بوو کە ئەمەش شکست هێنانێك بوو بەو پرۆژەیە. بەڵام کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بڕیاری دا کە ویندۆز وەکو سیستەمێك بەکار بهێنێت لەگەڵیدا لە جیاتی لینۆکس و بەم شێوەیە هەستاوە بە دروستکردنی ویندۆزێکی تایبەتی ئێکس پی بۆ ئەو جۆرە کۆمپیوتەرانە. بەو ئومێدەن بتوانن بە هۆی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە کەمێك پرۆژەکە بەرەو پێش بەرن.



# سایتێکی تایبەت بە بواری فیزیا




بۆ ئەو کەسانەی حەز لە بواری فیزیا دەکەن، سایتێکی تایبەت بەو بوارە هەیەو بە زمانی عەرەبیەو بابەتێکی زۆر زۆری تێدایە لەبارەی فیزیا.

ناونیشانی سایتەکە ئەمەیە:
www.hazemsakeek.com

و لە چەند بەشێکی تایبەتی پێك هاتوە. کە بەشی بابەت و راپۆرت لەسەر فیزیا و چەندین بابەتی هەمەجۆری لە خۆگرتوە. هەروەها ڤیدیۆیەکی زۆری تێدایە کە بواری فیزیاو بەشێك لەو زانستە بە ڤیدیۆیی روون دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە هەواڵی تایبەت بە فیزیای تێدایەو دەتوانرێت لە رێگەیەوە ئاگاداری ئەو بوارە گرنگەی زانست بێت. یەکێك لەو بەشانەی کە شایەنی سەردان کردنیەتی ئەوەیە کە باس لە چۆنیەتی کارکردنی شتەکانی ژیانمان دەکات بە شێوەیەکی فیزیایی. جگە لەوەی چەندین موحازەرەی تایبەت بەو بوارەی تێدایە.
بە سەردان کردنی سودمەند دەبێت.

# کاریکاتێر




# دوا کلیک

# تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەرو قۆپی تەلەبەکان

**باوکی هێڤار**

■ پێشتر لەم گۆشەیەدا باسی سەرەتای دەست پێکردنم بەوتنەوەی وانەی کۆمپیوتەر کرد. کە تەلەبەکانم کۆمپیوتەریان نەبینیوەو نازانن چیەو کەچی مەنهەجەکەیان بریتی بوو لە بەرنامەی ئەکسس. دوای ماندوو بونێکی زۆر لەوەی بریار بدەم چ شتێك باس بکەم و ئەو نیو سەعاتەی لە هەفتەیەکدا هەیانە باسی چیان بۆ بکەم.. بە هەرحاڵ ساڵ تەواو بوو وا وەختی تاقی کردنەوەی سەری ساڵە. پێش تاقی کردنەوەکان وتم لەبەر ئەوەی ئێوە کۆمپیوتەرتان نیە عەمەلی بکەن و مەنهەجەکەشتان لەگەڵ ئاستی ئێوە نییە بۆیە هەوڵ دەدەم کتێبەکەتان بۆ کەم بکەمەوەو لەو کورتکراوەیە سەعی بکەن. هەروەکو لای هەموانیش دەوترا "خۆ کۆمپیوتەر دەرسێکی فشەیە قابیلە ئینگلیزی نیە تێیدا بکەوین؟!".. منیش هاوتەریب لەگەڵ ئەو رایە جوانەی ئەوان کە کۆمپیوتەر فشەیە .. کتێبەکەم بۆ کردن بە تەنها یەك لاپەڕەی ئەی فۆر.. واتە بە یەك لای ئەی فۆرو بە فۆنتی چواردەش نوسیم بۆ ئەوەی گەورەبێت بۆیان و جوان ئەو لاپەڕەیە لەبەر بکەن. زۆریان بەدڵ بوو زۆریش سوپاسیان کردم کە ئەوەندە ئاسانکاریان بۆ کراوە، بەڵام تکایەکم لێ کردن کە بە ئیستنساخ بچوکی نەکەنەوەو نەیکەن بە قۆپییە.. لەوە ئاسانتر نییە و دەرچونتان ئاسان دەبێت، ئەویش بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەرسی کۆمپیوتەر "فشەیە!!". هەرچۆن بێت رۆژی تاقی کردنەوە هات و پرسیارەکانیان بریتی بوو لە راست و هەڵەو تکاشم لێ کردن کە هەڵەکان چاك نەکەنەوەو لەگەڵ بۆشایی کە هەڵبژاردن بوو، لەگەڵ چەند پێناسەیەك. زۆرم هەوڵدا ئاسان بێت لەبەر ئەوەی تەلەبەکان هی مەکتەبی شەون و رۆژ تا ئێوارە خەریکی کرێکاری و فیتەری و قوربەسەرین. کاتێکیش پرسیارەکان دابەشکرا هەموویان پێیان ئاسان بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند مامۆستایەك قۆپییەی لێ گرتبوون و ئەو تەنها یەك لاپەڕەیان بچوك کردبوەوە بە ئیستنساخ و کردبویانە قۆپییە. یانی زۆر لام سەیر بوو، دەبێت ئاستمان وابێت نەتوانین تەنها و تەنها یەك لاپەڕە بۆ ئیمتیحانی سەری ساڵ لەبەر بکەین؟! یاخود وەکو تەڵەبەکان دەڵێن بەخوا مامۆستا هەر خومان پێوە گرتووە ناتوانین وازی لێ بێنین. منیش لەگەڵ ئەو ڕایەیاندام و بەڕاستی ناتوانن وازی لێ بهێنن. رۆژێك ئیمتیحانم پێ کردن وتم دەفتەرەکەتان بکەنەوەو جوابی پرسیارەکان بدەنەوە، کەچی هەر سەیری برادەرەکەیان دەکردو لەسەر ئەو نەقڵیان دەکرد. لەو نهێنیە تێ نەگەیشتم کە نەقڵکردنی حەلە هەڵەکەی برادەرەکەیان پێ باشترە لەوەی لەناو دەفتەرەکەیانەوە نەقڵی بکەن. ئەمەم بۆ مامۆستایەکی خەڵکی کەنەدا گێرایەوە ئەویش پێکەنی وتی جا ئەوە هەر لە مەکتەبەکەی تۆ وا نیە. وتی من شەش ساڵ لە صین دەرسم وتوەتەوەو لەوێ جارێکیان مامۆستایەك تەڵەبەیەکی بە قۆپییەوە گرت، رەئیسی جامیعەو هەموو مامۆستاکان تێر قسەیان بە تەڵەبەکە وت. ئەویش نەك لەبەر ئەوەی بۆ قۆپیەی کردووە.. نەخێر .. لەبەر ئەوەی بۆ ئەوەندە بە گێلی کردویەتی کە مامۆستاکە پێی بزانێت. وتی باوکی هێڤار لە صین قۆپیە کردن ئەوەندە زۆرە لە رادەی خۆی تێ پەڕیوە. دەمی خۆمم گرت و زوو لە بیری خۆم بردەوە نەوەکو تەڵەبەکانی منیش پێی بزانن کە لە صینیش قۆپییە هەیە و ئەوکات بۆ خۆیان ئەشەرعێنن و ئەڵێن بەم شێوەیە پێش ئەکەوین. ئەگەر ئەشپرسن کە قۆپییە دەکەن بۆ دەریان ناکەیت، ئەگەر وا بکەم ئەوە دەبێت هەموو تەڵەبەکانی مەکتەبەکەکانی شەو بنێرینەوە ماڵی خۆیان.

(سی فۆر کورد) ئامادەیە رێکلامەکانتان لە رووپەڕی لاپەڕەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە
مۆبایلە: ٠٧٥٠٤٦٦٤٢٨٨ یاخود سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.c4kurd.com/reklam.pdf

